


# یەکبوون

## کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

رەزبەری ٢٧١٠ ژمارە : ٦ September 2010




## لەم ژمارەیە دا:

* لێبووردن لە پێناو ئاشبوونەوەیەکی نەتەوەیی دا... بۆلاپەری ٢
* کورد و تورک لە ئێران ... بۆ لاپەری ٣
* یادیک لە هونەرمەند یەڵماز گۆنای... بۆلاپەری ٥
* بە ٢٠ رێگە خۆشەویستی خۆت بۆ منداڵەکەت دەرخە...بۆلاپەری ٦
* تاریخچە استان آنتاریو... بۆلاپەری ٧
* یادیک لە هونەرمەند مەرزییە فەریقی... بۆلاپەری ٩
* کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان... بۆ لاپەری ١١
* پەندی پیشینیان ... بۆ لاپەری ١٣
* چیرۆک بۆ منداڵان ... بۆ لاپەری ١٤
* تەندورستی ... بۆ لاپەری ١٥
* بۆ پێکەنین... بۆ لاپەری ١٦
* وتەی زانایان ... بۆ لاپەری ١٧
* کرۆنۆلۆگی کوردستان... بۆلاپەری ١٨

# لێبووردن لە پێناو ئاشبوونەوەیەکی نەتەوەییدا




هێمن سەیدی

ئێستا هیچ حیزب و لایەنێکی سیاسی چالاک لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دا نیە باس لە پێویستیی لێک نیزیک بوونەوە و هاوکاریی سیاسیو دامەزراندنی بەرەیەکی کوردستانی نەکا.

هیچ کەسایەتییەکی سیاسی سەربەخۆیش نیە کە بەردەوام ڕەخنە لە لایەنە سیاسییەکان نەگرێ کە بۆچی هاوپەیمانەتییەک دانامەزرێنن. بەڵام ئەو بەرەیە بۆ دانامەزرێ؟ ئەو هاوپەیمانییە بۆ سەرناگرێ؟

تەمەنی درێژی کۆماری ئیسلامی،ماوەی خەبات و ژیانی تاراوگەی ئێمەشی درێژ کردۆتەوە.فەزایەک لە عەسەبییەت و بێتاقەتی، بە سەر هەموو لایەک دا زاڵ بۆ. لە ئەو ماوەیەدا زۆر قسە گوتراون کە نەدەبوو بگوترێن، زۆر هەڵە کراون کە نەدەبوو بکرێن. تۆ بڵێی سازمان یا حیزبێک کە چەندین ساڵە لە دژوارترین قۆناغی خەباتدا چالاکەو لە تاراوگەدا دەگەڵ دەیان کێشەی نێوخۆیی و دەرەکی بەرەوڕوویە، هیچ هەڵەیەکی ئەنجام نەدابێ؟!

زۆر سروشتیە لە کەش و هەوایەکی ئەوهادا کە پڕاوپڕە لە ڕق و دڵڕەنجانو بیرەوەریی ناخۆش، نەتەنیا لێک نیزیک بوونەوە سەر هەڵنادا، بەڵکوو هەر جارەی دەبێ چاوەڕوانی لیکدابڕانێکی دیکەو کێشەیەکی تازەتریش بین. لەو ماوەیەدا زۆر کەس بێحورمەتییان پێکراوە، زۆر شۆڕشگێر کەرامەتیان شکاوە، زۆر لایەن غەدری مێژووییان لێ کراوە، زۆر خزمەتکار بە تاوانبار ناسراوەو زۆر بێتاوان تۆمەتی خیانەتیان وەپاڵ دراوە. لە هەمووشیان دڵتەزێنتر، شەڕی براکوژی کراوە.

ئەو ڕووداوانە بەهاسانی فەرامۆش ناکرێن چارە چییە؟

داوای لێبوردنێکی گشتی، ئاشبونەوەیەکی نەتەوەیی، یەکگرتنێکی نیشتمانی

ئەوەی کە ددان بە هەڵەکانمان دابێنین و بوێرین بڵێین مەعسوم و دوور لە تاوان نەبووین، ئەوەی کە وێڕای شانازی کردن بە خزمەتەکانمان، بۆ هەڵەکانمان لێبوردن بخوازین، هیچ لە گەورەیی و فیداکارییەکانمان کەم ناکاتەوە. بگرە زیاتر لە جاران جێی متمانەی خەڵکەکەمان دەبین. بگرە هەلومەرج بۆ لێک نیزیک بوونەوە لە ئێستا باشتر دەبێ. ڕەنگە بگوترێ ئەو بەخۆدا چونەوەیە دەبێتە بیانوویەک بۆ ڕەقیبان و نەیاران و کەڵکی خراپی لێ وەردەگیرێ.

لەوەڵام دا دەبێ بڵێین:

1- ئەو کەموکوورِی و هەڵانە وەک واقعێک بوونیان هەیە وتا ئێستاش هەر کەڵکی لێوەرگیراوە.
2- ئەو ڕەوتی بەخۆداچوونەوەیە دەبێ گشتی بێ و هەموو حیزب و سازمان و لایەنەکان بگرێتەوە.
3- دەسپێشخەریی هەر لایەنێک لەو بوارەدا، شانازییەکی مێژوویی بۆ تۆمار دەکا.
4- ئەگەر لایەنێک یا کەسایەتییەک لەو پرۆسەیەدا بەشداری نەکرد یا ویستی بە دژی بوەستێ، زیان بە خۆی دەگەیەنێ و هەڵەیەکی دیکە لە کارنامەی خۆی دا تۆمار دەکا.

کەواتە پێویستە هەموو لایەنەکان، چاوێک بە گوتار و هەڵوێست و کردەوەکانی ڕابردووی خۆیاندا بخشێننەوە:

*ڕەنگە لە بەرانبەر بۆچوونەکانی کەسایەتییەکی ئەدەبی و سیاسیدا هەڵوێستێکی توندمان گرتبێ.

* ڕەنگە نوسراوەی توندی لایەنێکی بچووکی سیاسیمان بە گوللە وەڵام دابێتەوە.

*لە نێوخۆی حیزبەکەماندا بۆچوونێکی نوێمان بە زۆر سەپاندبێ و تەقتیشی بۆچوونی کەسانێکمان کردبێ.

*لە گەرمەی شەڕو خەباتی چەکداریدا زیانی گیانی و ماڵیمان بە کەسانێک گەیاندبێ.

*لە شەڕی براکوژی دا، شۆڕشگێرێک کەسێکی دیکەی قوربانی کردبێ.

*لە ئینشعاب و دابڕاندا هاوسەنگەرانی پێشوو، لە یەکتریان شەهید کردبێ و......

تەواوی ئەو تاوانانە ڕق و کینەی لە نێو دڵی جەماوەرو چالاکانی سیاسیدا پێک هێناوەو هیچ حیزبو لایەنێکی سیاسیش کە لەو چەند دەیەیەدا چالاکی بووبێ ناتوانێ ئیدعا بکا کە لە نێو ئەو تاوانانەدا، هیچ تاوانێکی بەرناکەوێ.

ئێستا مەجالێکی هێندێک باشتر لە جاران بۆ لێبوردن ڕەخساوە، زۆربەی حیزبو سازمانەکان لە فەزای مژاویی ڕابردوو دوور بوونەتەوە. نەسلێکی نوێ هاتونەتە نێو گۆڕەپانی سیاسەتی کوردیو تەنیا پێویستە کەسانێکی دڵسۆز دەسپێشخەر بن و نێوەرۆکی ئەو "لێبوردن و داوای لێبوردنە سیاسییە دابڕێژن. با ئاورێکی پڕ مانا لە ڕابردوو بدەینەوە.

تێبینی: ئەوبابەتە لە ئۆکتۆبری ٢٠٠٧ بلاوکراوەتەوە

سەرچاوە Serchawe

# کورد وتورک لە ئێران

نووسینی: خالید چالاکی

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سنوورێکی دوور و درێژی جوغرافیایی لەگەڵ نەتەوەی ئازەری هەیە کە لە دوو پارێزگای ئازەربایجان و کوردستان دا زۆرتر و زیاتر بەرچاوە و پێموایە لە داهاتوودا گیروگرفتی سەرەکی کورد لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا مەسەلەی کورد و تورک و دیاریکردنی سنووری هاوبەش و دەیان بابەتی ترە.

کورد و تورک دوو نەتەوەی سەرەکی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستن، کە مێژوویەکی زۆریان لە گەڵ یەک هەیە، و ئێستا و داهاتوویان بە یەکەوە گرێ دراوە.

لێرەدا مەبەستم نیشاندان و خستنەڕوی هێندێک لەو پێوەندی و ناکۆکیانەیە کە دەتوانێ تیشک بخاتە سەر ڕووداوەکانی داهاتوو. بۆئەم مەبەستەش زانیاری لە سەرهێندێک فاکتۆڕی سەرەکی پێویستە. هاوکات پێویستە هێندێک زانیاری لە سەرنەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران و بارودۆخیان بخەینە بەردەستی خوێنەری بەرێز بۆ هەڵسەنگاندنی باشتری هەل و مەرجەکان.

ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە و بەپێی ئاخرین ئامارە فەرمیەکانی دەوڵەت، ٥٠ %خەڵکی ئێران فارسە و ٥٠% یش نەتەوەکانی ترن. ئەمە لە حاڵێکدایە کە سەرچاوەکانی نادەوڵەتی ژمارەی نەتەوەکانی غەیری فارس زۆر لەوە زیاتر مەزەندە دەکەن کە دەوڵەت رایدەگەیەنێت.

ئێران وەک وڵاتێکی فرە نەتەوەیە کە تێیدا فارس، کورد، ئازەری، بەلووچ، تورکمەن،عەرەب و هێندێکی کەم وەک ئاشوری، کەلیمی و ئەرمەنی تێدا دەژی کە مێژوویەکی چەند هەزار ساڵەیان بە یەکەوە هەیە و بە هاتنی قەومی ئاریایی بۆ فەلاتی ئێران و دابەش بوونیان بە سەر ئێراندا، دەست پێی دەکات و تا ئێستاش بەردەوامە.

فارس وەک نەتەوەی باڵادەست بەشی هەرەزۆری شیعەیە و هێندێکی کەمیشی زەرتشتی، بەهایی، مەسیحی، ئیسماعیلی هەیە . ئازەریش بەشی هەرەزوری شیعەیە و هێندێکیش سوونیە. بەلووچیش لە رووی ئائینی زۆرتری سوونیە بە کەمێک شیعەوە. تورکەمەنیش زۆرتری سوونیە و عەرەبەکانیش زۆرتری شیعەن. کوردیش لە دوو مەزهەبی شیعە و سوونی و ئائینی یاری خوی دەبینێتەوە. دیارە لەناو ئەم نەتەوانەی ئێراندا دەیان تەریقەت و گرووپی جیاوازیش هەیە، کە رۆڵی سەرەکیان لە ناو کۆمەڵگادا نیە .

ئێران خاوەنی نیزیکەی ٢٨ پارێزگایە کە ٥ پاریزگای ئازەری تێدایە، و کوردیش لە ٦ پارێزگادا دەژی،عەرەبیش لە ٢ پارێزگادا نیشتەجێیە، تورکەمەنیش لە١ پارێزگادایە و بەلووچیش لە ٣ پارێزگادا خۆیان دەدۆزنەوە.

بەگشتی دابەشکردنی ئیداری ئێران لەسەربنەمای ئوستان زۆرترو زیاتر بۆ بەرژەوندی نەتەوەی فارس بووە لە پێناو پاراستنی حکومەت و دەسەڵاتی ناوەندی، و ئەم شێوەیە لە ئیدارەکردنی وڵات لە سەر ویست و خواستی وڵاتانی زل هێزی ئەوسەردەم دامەزرا و دەوڵەتەکانی یەک بە دوای یەکی ئێرانیش میرات گری بوون و جاروبار لە پێناو ئەمنیەت و پاراستنی قازانج و بەرژەوەندی نەتەوەی باڵادەستی فارس پارێزگایەکی تازەیان دامەزراندوە. چاوخشاندن بە رووخساری جوغرافیایی ئینسانی پارێزگاکانی ئێران، جۆرێک دابەشکردنی وڵات دێنێتە بەرچاو کە کۆپی کردنە لە سیستمی ئیداری وڵاتانی ئوروپایی بەتایبەت فەرانسە. دارشتنی سیستمی ئوستانی بە شێوازی ئوروپایی کە دوورە لە مەسەلەی ناکۆکی نەتەوەیی، شێوەیەکی سەرکەوتویە بۆ یەکریزی وهاوکاری کۆمەڵگا و دەوڵەت. بەڵام لە ئێران بوونی ئەم سیستمە ڕەنگدانەوەی پێچەوانەی لێ کەوتووتەوە. سیستمی ئیداری ئوستانی بێ لەبەرچاوگرتنی رووخساری جوغرافیایی نەتەوەیی و تەنیا بۆ بەرژەوەندی ناوەندی دەسەڵات دامەزراوە و ئەمەش کاریگەری خراپی بووە لە پێوەندی نێوان نەتەوەکانی ناو ئێران کە بەپێچەوانەی ویست و بەرژەوەندی نەتەوەکان شەکاوەتەوە، و ناکۆکێکی زیاتر وئاڵۆزتری لێ پەیدا بووە.

لە سەرئەساسی ئەوەی کە نەتەوە بەپێی گۆڕانی کۆمەڵگا رۆژ بە رۆژ لە گۆڕان دایە، ئەو وڵاتانەی کە فرە نەتەوەن، دەبێ خۆیان لە گەڵ گۆڕانی پێوەندیەکان و بنەماکانی کۆمەڵایەتی رێک بەخەن.

پێوەندی نێوان کورد و تورک سەرەڕای چاوپێخشاندنی دووبارەی، پێویستە هاوکات بنەمای دروستیشی بۆ بدۆزرێتەوە بۆ داهاتوو، بە هۆی ئەوەی کە کورد وتورک لە شەرایەتی بەرامبەر و یەکساندانین لە ئێراندا. تورک لە دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری وئیداری ئێران بەشدارە،کوردیش لەو نێوەدا یەک پشکی چکۆڵەشی پێ نەبڕاوە.

پێش هەموو باسێک، چاوێک بە فاکتۆڕەکانی هاوبەش و پاشان بە فاکتۆڕەکانی ناکۆکی نێوان ئە م دوو نەتەوەیەدا دەخشێنین.

فاکتۆڕەکانی هاوبەش "

١- سنووری هاوبەشی نێوان کورد و تورک کە نیزیک بە سێ بەشی سنورەکانی کوردستان بە تایبەت لە ڕۆژهەڵات وباکوردەگرێتەوە، کە لە ڕاستیدا بوونی سنوورێکی ئاوا دوور و درێژ دەیان و سەدان پێوندی نێوان ئەم دوو نەتەوەیە دروست کردوە کە ئەم پێوەندیانە ڕۆژ بە رۆژ لە زیاد بوون و پەرە گرتن دان.

٢- دوو نەتەوە پێوەندێکی مێژووی دوورو درێژیان لە گەڵ یەک هەیە کە لە قۆناغی سەلجووقیەکانەوە دەست پێ دەکات تا ئەمڕۆ، هەرچەند پێوەندە مێژوویەکان لە سەر ئاستی داگیرکەری زەوی و زاری کوردستان بووە لەلایەن تورکەوە، بەڵام هێندێک جار بە گۆرانی پاشا و دەسەڵات پێوەندیەکانیش گۆڕاون.

٣- دوو نەتەوە لە ژێر دەسەڵاتی ناوەند دان، هەرچەند خوێندنەوەیان بەرامبەر بە دەسەڵاتی ناوەند و نەتەوەی باڵا دەست یەکسان نیە. لە گەڵ ئەوەی کە هەر دوو نەتەوە لە دیاریکردنی دیموکڕاتانەی چارەنووسی خۆیان بێبەش کراون. هەڵبەت لە باکوری کوردستان نەتەوەی دەسەڵاتدار تورکە، کوردیش لە دەسەڵاتی تورک و دەوڵەتەکەی دەناڵێ و دەسووتێ.

٤- تێکەڵاوی ئابوری و پێوەندیە بازرگانیەکانی نێوان بازاری شار و گووندەکانی کوردستان و بازاری شار و گووندەکانی تورک، مەیدانێکی فراوان و گەورەیە کە دوو نەتەوەی تورک و کوردی بە کردەوە بە یەکتر گرێ داوە. ئەم خاڵە گرینگیەکی تایبەتی هەیە بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە ناسیۆنالیسمی تورک بوونی خۆی لە بە دەستەوە گرتنی دەسەڵاتی ئابوری‌دا دەبینێ.

٥- پێوەندی و نیزیکی فەرهەنگی، داب ونەریتی کۆمەڵایەتی و پێوەندیەکانی ئایینی ئەو دوو نەتەوە کە نیزیک بە هەزار ساڵە جیرانی یەکن و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە ژێر تەئسیر و کاریگەری دراوسێیەتی یەکتر دابوون و دەبن.

بەگشتی کورد وتورک زۆر خاڵی هاوبەش ویەکسانیان هەیە کە دەتوانێ کاریگەری جیدی بێت لە سەر نیزیکی و پێوەندیەکانی داهاتوویان، و حاشاکردنی ئەو مەسەلەیە

سەرچاوە Serchawe

زیانی زیاتر بە هەر دوو لایان دەگەیەنێت.

بوونی ئەو خاڵانەی سەرەوە، بنەمایەکی زۆر بەهێزە بۆ دروست کردنی پێوەندیەکانی نەتەوەیی بەتایبەت لە لایان ئێمەی کوردەوە

### خاڵ و فاکتۆرەکانی ناکۆک

۱- تورک لە تورکیە بە هۆی دەسەلاتداری و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی لە هەموو بوارێک لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ نەتەوەی کورد پێشکەوتنی زۆری بە خۆیەوە بینیوە. لە ئێرانیش تورک لە بواری ئابورییەوەوە نیزیکی و تێکەلاوی دەسەلاتی سیاسی ناوەند لە کورد باشتر و زیاتر چۆتە پێش.

۲- ناسیۆنالیزم و بەرژەوەندی نەتەوەیی دوو نەتەوەی کورد و تورک، و خوێندنەوەیان لە ئاست ئەم خاڵە وەک یەک نین بە تایبەت لە سەردەمی ئێستای رۆژهەلاتی نێوەراست کە هەرکام قازانجی خۆی لەگەڵ لایان و نەتەوەکانی تردا دەبینێت.

۳- کوردستان لە پاش شەرِی چالدرانەوە ، تا ئێستاشی لە گەڵ بێت، لە ژێر چاوەدێری ئەمنیەتی ئێران و تورکدا بووە. تورک لە راگرتن و پاراستنی دیواری ئەمنیەتی دژی کورد، دەوری سەرەکی بووە.

۴- مێژووی تاڵ و ناخۆشی کورد و کوردستان ، خاڵێکی هەمیشەیی لە سەر رووخساری هەموو تاکی کورد، کە کورد لە باقی نەتەوەکان جیا دەکاتەوە، تورکیش وەک باقی نەتەوەکانی تر بەو جیاوازیە کە تورک رۆڵی گرینگی بووە لە سەپاندنی کارەسات و تراژێدی بە سەر کوردا.

۵- ناکۆکی ئایینی، ئەم مەسەلەیە پاش هاتنی حکومەتی جمهوری ئیسلامی خۆی نیشاندا، و ئێستاش زۆر مەترسیدارە و هەرەشەیەکی گەورەیە لە پێوەندی دۆستانە و برایانەی کورد و تورک.

سەرەرِای ئەو مێژوو ناخۆش و تاڵەی کە تورک بۆ کوردی هێناوەتە ئاراوە و ئەو هەموو نەدامەتیە کە تورک بەسەر کوردی هێناوە ، ئەوەشی سەڵماندوە کە کورد و کوردستان نە لە ناودەچێت و نە دەکرێ لە حیساب و ملمانەی ناوچەیی و نێونەتەوەیی بێبەش بکرێت. وێرای هەموو ناخۆشیەکان، کورد و تورک چارەنووسیان بە یەکەوە گرێ دراوە و ناکرێت فاکتۆرەکانی ناوچەیی و نێونەتەوەیی بۆچارەسەری مەسەلەی کورد لە بەرچاو نەگرین.

لە چەند ساڵی رابردودا زۆر لایەنی کوردی و تورکی بۆ لێک نیزیک بوونەوەی ئەو دوو نەتەوەیە لە چوارچێوەی حیزبی و رێکخراوەیی هەوڵیان داوە، بەڵام هەر وەک چاوەرێ دەکرا پرۆژەی نیزیک بوونەوەی دوو نەتەوە بە شێوازی گروپی سیاسی لە گەڵ ئەوەی چارەساز نەبووە، دژایەتی و نارازی بوونی گەورەشی لێ دروست بووە.

پێوەندی سیاسی کە ئەویش لە چوارچێوەی تەشکیلات دا ناتوانێ مانای نیزیکی و برایەتی دوو نەتەوە بێت، بەڵکوو بۆ نیزیک بوونەوە پێش هەموو کارێک دەبێ چاومان لە " ئەمری واقیعی " کورد و تورک بێت، تا بتوانین پرۆژەی هەموو لایانەمان بێت.

سەردەمی ئێستا بە هۆی پێشکەوتنی ئامێرەکانی پێوەندی، حاڵەتێکی لەبار و دڵخوازی دروست کردوە کە کۆمەڵگاکان ، دەوڵەتەکان، رێکخراوەکان و کەسەکان و هەموو نەتەوەکانی دونیای بە یەکەوە گرێ داوە. جابۆیە کارکردن لە پێناو نیزیکی دوو نەتەوە زۆر ئاسانتر لە سەردەمی پێشینیان بۆتەوە.

پێوەندی کورد و تورک لە ئێران هەوراز و نشێوی زۆری بە خۆیەوە بینیوە و هیچ کاتیش رانەوەستاوە، بەڵکوو کات و شوێن، شێوازی پێوەندیەکانی گۆرِیەوە. لە سەردەمی ئێستای بزوتنەوەی کورد بوونی پێوەندی بە هێزو برایانە لە ژێر سێبەری دیموکراسی خزمەتی گەورەیە بۆ بەرژەوەندی هەردوو لایەن. نەبوونی رێکخراوی مەدەنی تایبەت، بایخ نەدان بە تێکۆشانی کولتوری هاوبەش، جیدی نەگرتنی پێوەندیەکانی ئابوری، پاش گوێ خستنی نیزیکی و پێوەندی کۆمەلایەتی، کەم و کۆرِی گەورەی کورد و تورکە لە ئێستای ئێران دا، و تا ئەم کەم و کورِیانە چارەسەر نەکرێن ، پێوەندی کورد و تورکیش وەک نوسراوە لە سەر کاغەز دەمێنێتەوە



# یەڵماز گۆنای

## ١٩٣٧ - ١٩٨٤

### به بۆنەی کۆچی دوایی ٢٦ ساڵەی هونەرمەندی لێهاتووی کورد یەڵماز گۆنای



ناوی تەواوەتی "یەڵماز پیوتیون"ە، لەساڵی ١٩٣٧.٠٩.٠٩ لەیەکێک لەدێهاتەکانی شاری "ئەدەن"ەلەباشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنازۆڵ لەباوکێکی هەژاری جوتیار لەدایکبووە.

"یەڵماز گیونای" سەرەڕای سادەی ژیانی، کەچی توانیوێتی خوێندنی باڵا لەبەشی ئابووری لەزانکۆی ئەستنەبوڵ و خوێندنی باڵا بەشی مافناسین لەزانکۆی ئەنکەرەتەواو بکات.

لەساڵی ١٩٥٨دا پاش ئەوەی پڕۆپاگەندەی ئەوەیان بۆ دروستکرد، کەگوایە"یەڵماز گیونای" سەر بەپارتی کۆمۆنیستەبۆ ماوەی ١٨ مانگ فەرمانی بەندکردنیان بەسەردا سەپاند. بەهۆی بەندکردنیەوەلەکاری هونەری وەک ئەکتەری دابڕا، ئەمەش پاش ئەوەی ڕۆڵی لەچەندین فیلمی جۆراوجۆردا هەبوو و ناوێکی تایبەتمەندی پەیدا کردبوو.

لەساڵی ١٩٦٦دا گیونای لەفیلمی "**Hudutlarin Kanunu**" (=یاساکانی سنوور) ڕۆڵی "ئومەر لیوقتی ئاکادش"دا بینی. ئەو فیلمەش بەیەکێک لەکیلەکانی کاری بزوتنەوەی سینەمای (**Ulusal Sinema Hareketi**) ئەو کەسەدادەنرێت، هەر بۆ خۆشی سیناریۆکەی نووسیبوو. دوای ئەم بەرهەمەگیونای ڕێگای دەرهێنانی گرتەبەر.

کارەکانی گیونای باسی لەتوێژەجیاجیاکانی کۆمەڵگای دەکرد و ئەو جیاوازیانەی بەشێوەیەکی زەق لەفیلمەکانیدا دەختەڕوو هەر بۆیەیەکەم کاری دەرهێنانی فیلمی لەساڵی 1986دا بەناوی "**Seyyit Han**" (بووکی زەوی) و پاشان فیلمی "**Aç Kurtlar**" (گورگەبرسییەکان) لەساڵی 1969دا، کەهەردووکیان کاریگەری نوێی ڕیالیزمی ئیتاڵیان لەسەر بوو، بەڵام هەردوو فیلمی ناوبراو بایکۆت کران.

گیونای بۆ یەکەمجار توانای خەڵاتێکی نێودەوڵەتی بۆ کارەکەی وەدەست بیهێنێت، ئەویش لەسەر فیلمی "**Umut**" ( هیوا) لەساڵی ١٩٧٠د،ا ئەمەش لەمیانەی ڤیستڤاڵی (کان)ی سینەماییدا، ئەو فیلمەش باس لەهەژاری و نەهامەتی خەڵکی دەکات، هەربۆیەنەتوانرا پەخش بکرێت.

بەدوای ئەو سەرکەوتنانەی وەدەستی هێنا، چەندینی بەرهەمی دیکەی بەئەنجام گەیاند لەوانەش:

**Umutsuzlar** (بێئومێدەکان) لەساڵی ١٩٧١دا

**Agit** (ئازا، بەجەرگ) لەساڵی ١٩٧١دا

**Aci** (ئازار) لەساڵی ١٩٧١دا

دوای ئەو کوداتا سەربازیەیی لەساڵی ١٩٧١ لەتورکیا ڕوویدا، لەسەر ئەو بۆچوونەجیاوازانەی هەیبوو ساڵ و نیوێک ژیانی لەبەندیخانەبەسەربرد.

پاش هاتنەدەرەوەی لەبەندیخانەو فیلمەکۆمەڵایەتییەڕەخنەگرییەکان، بوونەکەرەسەی بەرهەمەکانی و لەهەمان کاتدا درکێک بوون لەچاوی سەربازانی فەرمانڕەوا لەتورکیا.

بەڵام گیونای توانی لەساڵی١٩٧٤دا فیلمی "**Arkadas**" (هاوڕێ) و فیلمی "**Zavallilar**" (هەژاران) ئەنجام بدات.

هەرهەمان ساڵ جارێکی دیکەبەتۆمەتی کوشتنی پارێزەرێک خرایەبەندیخانەوە. سەرەڕای ئەوەی گیونای ئەو تۆمەتەی بەتوندی ڕەتکردەوە، کەچی ١٩ ساڵ فەرمانی بەندکردنیان بەسەردا سەپاند. لەکاتی بەسەربردنی ژیانی لەبەندیخانەدا کەوتەنووسینەوەی سیناریۆ بۆ فیلم و بەشێوەی قاچاغ ڕەوانەی دەرەوەی بەندیخانەیان دەکرد و دەکرانەفیلم لەوانەش "**Sürü**" (لەوەڕگا) ساڵی ١٩٧٨دا، کەئەوەش لەدەرهێنانی "**Zeki Ökten**" و "**Düsman**".




لەساڵی ١٩٨١دا پاش وەرگرتنی مۆڵەت بۆ بەسەربردنی پشوو لەدەرەوەی بەندیخانە، گیونای لەڕێگای یۆنانەوەبەرەو ئەورپای ڕۆژئاوا بەڕێدەکەوێت و بۆ ماوەیەک بەشێوەیەکی نهێنی لەیەکێک لەشارەکان دەژی. لەساڵی ١٩٨١دا ڕەگەزنامەی تورکی لێدەسەنرێتەوەو لەساڵی ١٩٨٢ فیلمی "**Yol**"ی (ڕێگا) بەرهەمهێنا.

"**Yol**" یەکێک بوو لەو بەرهەمانەی، کەگیونای بەهەموو جیهانی هونەر ناساند و لەسەر ئەم کارەی خەڵاتی چڵەخورمای زێرینی وەرگرت، ئەوەش لەمیانەی ڤیستیڤاڵی کانی سینەماییدا، پاش ١٦ ساڵ بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٩٩٩دا لەسەر سینەماکانی تورکیا نیشاندرا.

دوا بەرهەمی "**Duvar**" (دیوار) ساڵی١٩٨٣دا بوو، بەڵام ئەم بەرهەمەی هەمان کڤالیتیەتی فیلمەکانی پێشووی نەبوو.

یەڵماز لە ١٩٨٤.٠٩.٠٩ لەپاریس کۆچی دواییکرد.

بزانە تۆ،ئەوەی ئەهلی هونەر بێ — دەبێ یا دەس بەسەر یا دەربەدەر بێ
هونەرمەندو ژیانی خۆش مەحاڵە — هونەرمەند ڕەنجە ڕۆیە، ژینی تاڵە

(مامۆستا هێمن)

# بە بیست ڕێگە خۆشەویستی خۆت بۆ منداڵەکەت دەرخە



١- بە جیا لەگەڵ هەریەک لە منداڵەکانت ماوەیەک کات بەسەربەرە، بۆ نموونە ژەمێک خۆراک لەگەڵ یەکێکیان بخۆ، لەگەڵ یەکێکی تریان وەرزش بکە یاخود ماوەیەک بە پێ برۆ، یاخود دەتوانیت بەجیا لەگەڵ هەریەکەیان بچێتە دەرەوەی ماڵ. گرنگ ئەوەیە وایان لێ بکەیت هەست بکەن کە گرنگیان پێ دەدەیت و هەریەکە شوێنی تایبەتی خۆیان لەلای تۆ هەیە، بێ ئەوەی ڕێگە بدەیت خوشک و براکانی تری بەشداربن، نەک هەموویان لە یەک وشەدا کۆبکەیتەوە، بەشێوەیەک هەریەکەیان لەبەرچاوی تۆدا لەململانێدا بێت لەگەڵ ئەوانی تر تا دواجار ئەو ناوە بەو برێت، بەمەش بەردەوام یەکێکیان پاش دەکەوێت و دەچەمێتەوە بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەیت .

٢- متمانەیان لەناوخۆیاندا بۆ دروست بکە، ئەویش بە هاندانیان و بەرز نرخاندنی ماندوبوونیان، نەک تەنها لەبەرهەمی باشدا دەستخۆشیان لێ بکەیت، وەک ئەوەی کە زۆربەیان دەیکەین.

٣- بۆ دەسکەوتەکانی رۆژ ئاهەنگ بگێڕە، بۆ نموونە کاتێک کوڕەکەت پۆ لێک دەبڕێت نانخواردنێکی تایبەت لە ماڵدا ساز بکە، یاخود کاتێک یەکێکیان لە تیمێکی تۆپانەدا بەشدار دەبێت و ئەوەی تریان نمرەیەکی باش لە قوتابخانە بەدەست هێناوە ئەمانە بکە هەلی ئەنجامدانی ئاهەنگێکی خێزانی، تا هەموویان هەست بکەن کە گرنگی بەخۆیان و بە ژیانیان دەدەیت، بەڵام بەتەنها لەگەڵ یەکێکیان وا مامەڵە نەکەیت، تەنانەت ئەگەر یەکێکیان بەژیانێکی تایبەتیشدا تێپەڕێت، چونکە بەوردی لە ژیانی بڕوانە شتی تایبەت دەدۆزیتەوە. هەمیشە بیریشیان بخەرەوە کە ئەمەی دەیکەیت تەنها بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆشە تا ئیرەیی لە نێوانیاندا سەر هەڵنەدات و لەسەرت بکەونە ململانێ، ئەمەش ببێتە هۆکاری سەرهەڵدانی ڕق و کینە لەنێوانیاندا لەجیاتی خۆشەویستی و هاوکاریکردنی یەکتری.

٤- منداڵەکانت فێربکە کە بیرکردنەوەی ئەرێنی بێت، بۆ نموونە لەباتی ئەوەی سەرزەنشتی کوڕەکەت بکەیت چونکە کە لە قوتابخانە هاتۆتەوە بە پیس و بە جلوبەرگی قوتابخانەوە دەمو دەست هاتۆتە سەر مێزی نانخواردن، پێی بڵێ وا پێ دەچێت ئەمڕۆ کاتێکی خۆشت لە قوتابخانە بەسەر بردبێت .



٥- وێنەی منداڵەکەت بهێنە کاتێک بچووکن و چەند بەسەرهاتێکی ئەو کاتەیان بۆ باس بکە کە ئەوان بەبیریان نایەت .

٦- شتێکیان بیر بخەرەوە کە لەوانەوە فێری بوویت.

٧- پێیان بڵێ کەوا زۆر بەختەوەریت بەوەی کە تۆ یەکێکیت لە باوانی ئەوان و ئەو ڕێگەیەشت پێ خۆشە کە ئەوان پێی مامەڵە دەکەن.

٨- ڕێگە بدە منداڵەکانت خۆیان بڕیار بدەن چی لەبەر دەکەن، بەمە تۆ پێشانیان دەدەیت کە ڕێز لە بڕیارەکانیان دەگریت.

٩- لە یاریکلادن لەگەڵ منداڵکانت بەشدار بە بۆ نموونە دەستی خۆت لە بۆیەی ئاوی و قوڕ و لیتە وەردە کاتێک منداڵەکانت یاری بەمانە دەکەن.

١٠- خشتەی وانەکان و ناوی مامۆستا و هاوڕێکانی منداڵەکانت بزانە، تا کە هاتنەوە بۆ ماڵەوە بە شێوەیەکی گشتی پرسیاریان لێنەکەیت، بەڵکو بڵێ فلان چۆنە؟، فلانە مامۆستا ئەمڕۆ چی بۆ باس کردن؟، بەمە منداڵەکەت هەست دەکات کە بەدوای وردەکاری ژیانی کەوتوویت و گرنگی پێ دەدەیت.

١١- کاتێک منداڵەکەت داوات لی دەکات قسەی لەگەڵ بکەیت، بە شتێکی ترەوە سەرقاڵ مەبە و قسەشی لەگەڵ بکەیت، وەک ئەوانەی چێشت لێدەنێن یاخود تەماشای تەلەفزیۆن دەکەن و قسەش لەگەڵ منداڵەکانیان دەکەن، بەڵکو بەتەواوەتی ڕوو لەو بکە و مێشکی بەرێ و کاتێک کە قسەت بۆ دەکات تەماشای چاوی بکە.

١٢- لە ژەمە خۆراکەکاندا لەگەڵیان بەشدار بە، هیچ نەبێت هەفتەی جارێک، لەو کاتەشدا لەگەڵ منداڵەکانت ڕووداوەکانی ئەو هەفتەیە باس بکە، بەتەنها هەر گوێشیان بۆ مەگرە بەڵکو ئەوەش کە بەسەرت هاتووە بۆیان باس بکە.

١٣- لە پارچە کاغەزێکدا وشەیەکی خۆشەویستی و هاندان یاخود نوکتەیەکیان بۆ بنووسە و لەنزیک بالیفەکەیان بۆیان دانێ، ئەگەر چوویتە دەرەوە و ئەوان هێشتا نووست بوون یاخود بیخەرە جانتای قوتابخانەیان تا هەست بکەن کە تۆ بیرت لە لایانە تەنانەت ئەو کاتانەش کە پێکەوە نین.



١٤- گوێ لەمنداڵەکەت بگرە بە ناڕاستەوخۆ کاتێک کە ئەو لات نییە (وەک ئەوەی دەنگت بەرز بکەیتەوە کاتێک ئەو لەسەر جێگەی خۆیەتی) وەک هێمایەکی خۆشەویستیت و سەرسوڕمانت بە کەسایەتی ئەو.

١٥- کاتێک منداڵەکەت نیگارێکی بچووک دەکێشێت لە شوێنێکی تایبەت بۆی دابنێ، تا هەست بکات تۆ شانازی پێوە دەکەیت .

١٦- بەبێ بیرکردنەوە بە هەمان ئەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ منداڵەکەت مەکە کە باوانت مامەڵەیان لەگەڵ تۆ پێکردوە، چونکە ڕەنگە ئەمە ببێتە هۆکارێکی کوشندە بۆ نەفسیەتی منداڵەکەت.

١٧- لە جیاتی ئەوەی بە منداڵەکەت بڵێیت تۆ ئەم کارەت بە ڕێگەیەکی هەڵە ئەنجامداوە، پێی بڵێ بۆچی بەم ڕێگەیە ئەنجامی نادەیت و ڕێگەی ڕاستی پیشان بدە و فێری بکە

١٨- نیشانەیەک یاخود وشەیەکی نهێنی دابنێ کە دەربڕی خۆشەویستیت بێت بۆ منداڵەکەت و ئەوانی تر نەیزانن.

١٩- هەوڵ بدە لەگەڵ هەر خۆرهەڵاتنێکی نوێ و ڕۆژێکی نوێدا ژیانێکی نوێت هەبێت و هەڵەکانی ڕابردوو لەبیر بکە، هەر ڕۆژێکی نوێ هەلێکی تازەیە بۆ خۆشەویستی زیاتری منداڵەکەت و یارمەتی دانی بۆ دۆزینەوەی بەهرەیەک تێیدا.

٢٠- هەموو ڕۆژێک منداڵەکانت لەباوەش بکە و ماچیان بکە و پێیان بڵێ کە خۆشت دەوێن، ئەمە هەرچەند زۆربێت هێشتا ئەوان پێویستییان پێیەتی، بەبێ گوێدان بە تەمەنیان، ئاخۆ بچووکن یاخود گەورە، شوویان کردوە یان ژندارن یاخود نا.

سەرچاوە shafaaq

# تاریخچه استان آنتاریو در کانادا

**انتاریو** (به انگلیسی: Ontario) یکی از استان‌های کانادا است. از لحاظ جمعیت و فعالیت اقتصادی بزرگ‌ترین و قوی ترین استان کانادا می‌باشد . مرکز آن تورنتو است و اتاوا (پایتخت کانادا) نیز در آن قرار دارد. وسعت انتاریو ۳۹۵،۰۷۶.۱ کیلومتر مربع و جمعیت آن ۱۳،۱۶۷،۸۹۴ نفر است . بالغ بر۹۴% جمعیت استان انتاریو در قسمت جنوبی آن مشهور به انتاریو جنوبی متمرکز است انتاریو پیش رو ترین ایالت در زمینه تولید است و۵۲% از کل تولید ارسالی کانادا از این استان می‌باشد.

از لحاظ جغرافیایی استان انتاریو در شرق کانادا و در بین استان کبک و مانیتوبا قرار دارد. از جنوب با ایالت های مینسوتا ، میشیگان ، اوهایو ، پنسیلوانیا و نیویورک هم مرز است . انتاریو از شمال به خلیج های هادسون و جیمز منتهی می‌شود.

مشهورترین شهرهای انتاریو عبارت‌اند از تورنتو ، اتاوا ، همیلتون ، کیتچنر واترلو ، لندن ، ویندزور و کینگستون .

اسم این ایالت از دریاچه انتاریو گرفته شده است. خود اسم خلیج از یک کلمه زبان بومی ریشه گرفته است که به معنای خلیج زیبا می‌باشد. تقریبا نزدیک به ۲۵۰،۰۰۰دریاچه و بیش از ۱۰۰،۰۰۰کیلومتر رودخانه در این استان وجود دارد

## تورنتو

مرکز استان انتاریو و بزرگ‌ترین و پرجمعیت ترین شهر کشور کانادا است. این شهر از شهرهای جهانی (یا اصطلاحا جهانشهر) به شمار می‌آید. برطبق آخرین آمارگیری انجام شده در سال ۲۰۰۶ ، تورنتو ۲،۵۰۳،۲۸۱ میلیون نفر جمعیت داشته است.

بر اساس آمار و ارقام شهر تورنتو در وبگاه شهرداری این شهر ، جمعیت تورنتو بزرگ (شامل مرکز شهر و حومه آن) که در اصطلاح محلی GTA نامیده می‌شود ، در سال ۲۰۰۶ ۵،۵۵۵،۹۱۲ میلیون نفر برآورد می‌شود.

تورنتو قسمتی از ناحیه نعل اسب طلایی (Golden Horseshoe) در استان انتاریو به حساب می‌اید. نعل اسب طلایی ناحیه‌ای با تراکم شدید جمعیت است که ۲۳% از جمعیت کل کانادا رو دربرمی‌گیرد.



*دورنمای شهر تورنتو آن‌گونه که از بندر دریاچه انتاریو دیده می‌شود.*

تورنتو شهری با موقعیت‌های شغلی بسیار است و یک ششم شغل‌های موجود در کانادا در داخل شهر تورنتو قرار دارند. تورنتو به عنوان «ماشین اقتصادی کانادا» شناخته می‌شود و مرکز مالی کانادا به حساب می‌آید. به‌خاطر تنوع نژادهای مختلف موجود در تورنتو، این شهر هم‌چنین به نام «پایتخت ملیت‌های مختلف» نامیده می‌شود.

بعلت فراوانی دفاتر کار در رشته‌های مختلف، شمار بالای کارگران ، مؤسسات فرهنگی و گوناگونی انجمن‌های هنری در تورنتو این شهر دارای یکی از متنوع‌ترین اقتصادهای موجود در آمریکای شمالی است.

تورنتو یکی از امن‌ترین شهرهای آمریکای شمالی به حساب می‌آید و آمار جرایم به وقوع پیوسته در تورنتو از هر شهر اصلی در ایالات متحده کم‌تر است. در میان شهرهای کانادا هم تورنتو دارای یکی از کم‌ترین آمارهای جرم است.



تورنتو از لحاظ آب و هوایی گرم تر از اتاوا و مونتریال و سرد تر از ونکوور محسوب می‌شود. میانگین دما در چهار ماه سال، بین دسامبر و مارس، زیر صفر می‌باشد

در حال حاضر دیوید میلر شهردار شهر تورنتو است.

### جاذبه های گردشگری اصلی تورنتو

**کاسالوما**

برج ملی کانادا (برج سی ان) (Canadian National Tower (CN Tower

معروف ترین جاذبه توریستی تورنتو برج ملی کاناداست. این برج ۵۵۳ متری دومین سازه بلند جهان است.

استادیوم های ورزشی: مرکز راجرز Rogers Centre نخستین استادیوم ورزشی دنیاست که مجهز به سقف کاملا جمع شدنی است. در حال حاضر این استادیوم, ورزشگاه خانگی تیم بیس بال بلو جی ز Toronto Blue Jays می باشد. مرکز ایر کانادا Air Canada Centre که در نزدیکی مرکز راجرز قرار گرفته است خانه تیم هاکی روی یخ می پل لیف تورنتو Toronto Maple Leafs می باشد.



تالار شهر( شهرداری تورنتو) City Hall

تالار شهر تورنتو با سبک مدرن خود یکی از نشانه های متمایز تورنتو محسوب می شود.

میدان یانگ و داندس Yonge – Dundas

این میدان نزدیک مرکز ایتن Eaton Centre که یکی از مراکز خرید اصلی تورنتو است قرار گرفته است .

جزایر تورنتو The Toronto Islands

جزایر تورنتو بخشی از بزرگترین جامعه شهری فاقد اتومبیل در شمال امریکا است. این جزایر توسط کشتی قابل دسترسی هستند.



قدیمی ترین کلیساهای تورنتو

کلیسای جامع کاتولیک سنت مایکل و کلیسای سنت جیمز که هر دو در خیابان چرچ واقع شده اند قدیمی ترین کلیساهای تورنتوی باشند.

کاسالوما Casa Loma واژه ای اسپانیایی به معنای " خانه روی تپه" است. این قلعه که در مرکز شهر تورنتو قرار دارد، یکی از جاذبه های گردشگری تورنتو است.

موزه سلطنتی انتاریو The Royal Ontario Museum

بزرگترین موزه فرهنگ جهان و تاریخ طبیعی کانادا ست.

بازار سنت لارنس The St. Lawrence Market

تالار مشاهیر هاکی Hockey Hall of Fame

گالری هنر انتاریو The Art Gallery of Ontario

گالری هنر انتاریو یکی از بزرگترین موزه های هنری در شمال امریکا است.

مرکز علوم انتاری The Ontario Science Centre

باغ وحش تورنتو Toronto Zoo

باغ وحش تورنتو سومین باغ وحش بزرگ جهان است



اتاوا(به انگلیسی: Ottawa)

کانال ریدو (Rideau) در اتاوا در تابستان یک آبراهه و در زمستان یک پیست اسکیت است.

اتاوا پایتخت کشور کانادا است.

پایتخت فدرال انتاریو در آمریکای شمالی در کنار رود اتاوا شعبه رودخانه سن لران واقع‌است. ۸۵۹،۷۰۴ نفر جمعیت دارد با اینکه جمعیت محدوده بزرگ‌تر اتاوا به بیش از یک میلیون هم می‌رسد . زبان حاکم بر آن هر دو زبان انگلیسی و فرانسه می‌باشد. مرکز مجلس شورا و مقر حاکم کل است. اتاوا با اینکه پایتخت کانادا می‌باشد ولی جزو سه شهر بزرگ کانادا (تورنتو، مونتریال و ونکوور) بشمار نمی‌آید. از لحاظ آب و هوایی اتاوا یکی از سردترین پایتخت های دنیا می‌باشد.

از لحاظ جغرافیایی اتاوا در مرز انتاریو و کبک و در شمال شرقی تورنتو و غرب مونتریال قرار دارد.

لندن (انتاریو)

لندن شهری است در استان انتاریو، کانادا که در جنوب غربی اونتاریو بر روی دالان کبک سیتی ویندسور ( پر جمعیت ترین منطقه کانادا که با ۱۶ ملیون جمعیت نیمی از جمعیت کانادا را شامل می‌شود) واقع شده‌است. لندن مرکز بخش میدلسکس می‌باشد که بر روی حاشیه رود تیمز بین تورنتو و دیترویت آمریکا واقع شده‌است. لندن ۴۳۲ هزار نفر جمعیت بزرگ‌ترین مرکز شهری جنوب غربی انتاریو می‌باشد.نقاط قوت و توجه شهر شامل آموزش, بهداشت, گردشگری, صنعت و اقتصاد می‌باشد.

آب و هوا

در شهر لندن آب و هوا شدیدا تحت تأثیر دریاچه‌های بزرگ قرار دارد. در شهر لندن درجه حرارت در فصلهای مختلف سال بسیار متفاوت است. زمستانها معمولا سرد است ولی با گرم شدن‌های موقتی همراه است. متوسط میزان بارش برف در سال حدود ۲۰۰ سانتیمتر در سال است و همچنین لندن بالاترین آمار صاعقه را در کانادا داراست. تابستانهای لندن نیز معمولا گرم و مرطوب می‌باشد.



آموزش : دانشگاه وسترن انتاریو در این شهر قرار دارد.

آبشار نیاگارا

آبشارهای نیاگارا ترکیبی از دو آبشار بسیار بزرگ و یک آبشار کوچک‌تر می‌باشد که بر رودخانه نیاگارا واقع است. از لحاظ موقعیت جغرافیایی آبشار نیاگارا در مرز ایالت نیویورک در آمریکا و کانادا در جنوب استان انتاریو قرار دارد. آبشار بزرگ‌تر اصطلاحا به آبشار کانادایی یا آبشار نعل اسب معروف است و آبشار کوچک‌تر به آبشار آمریکایی معروف است.

علت اصلی شهرت آبشار نیاگارا نه به علت ارتفاع آن بلکه به علت عریض بودن آن است. به طور متوسط نزدیک به ۱۱۰ هزار متر مکعب آب از آبشارها در دقیقه سرازیر می‌گردد. میانگین نرخ جریان ۵،۷۲۰ متر مکعب در ثانیه

آبشارهای نیاگارا در بیست دقیقه‌ای شهر بوفالو آمریکا و نود دقیقه‌ای شهر تورنتو کانادا قرار دارد.

منبع: ویکی‌پدیا

سەرچاوە Serchawe

# ئەرۆی ئۆغر، هۆ دێوانەکەی کوردستان!

## بە بۆنەی ٥ ساڵەماڵئاوایی هونەرمەند مەرزییە فەریقی

## ٢٠٠٥ - ١٩٥٨

ڕێناس جاف



لە نێو میللەتی کوردا، گەلێ کەسان لە دەروازەی هونەرەوە، بە لوتکەی کوردایەتی گەیشتوون. کەم نین ژماری ئەوانەی بە دیدێیکی ڕوون و بیرێکی قووڵەوە، بە هەموو کەلێن و قوژبنەکانی ئەندێشەی پاکی کوردی دا، داگەڕاون. لای ئەو جۆرە کەساێتییانە، هونەر بۆتە پەیژەێیک بۆ بەرزکردنەوەی ڕۆحی کوردایێتی. کەچی لەو لاشەوەپڕ نموونە هەنە، نەک هەر هەتا یەکەم قۆناخی بیری کوردایێتی، بڕیان نەکردووە بگرە ئەوەند لێڵ هاتوونەتە نێو مەیدانی هەراوی هونەر، پاشی دەرکەوتنی نیازناپاکییان بۆ جەماوەر، دوکانچەکەکەی خۆیان گورجێ پێچاوەتەوە.

گەر ئاوڕێک لە مێژینەی خەباتی هونەری کوردی بدەینەوە، ئەو ڕاستییەمان لا دەردەکەوێ، لە هەر سەردەمێک دا، سەدان کەس خۆیان لە قەرەی بواری هونەر داوە بەڵام کوا بۆ ئەورۆ زۆرێ لەوانە ،ناو بزرن؟! ئەمە پتەوترین بەڵگەیە بۆ ڕەسەنایێتی هونەر و بەرهەمی هونەری لای هونەرمەند.

کوا لە نێو کورد دا چەن "سێوە"، "عەلی مەردان"، "تایەر تۆفیق"، "حەسەن زیرەک"، "مامڵێ"، تەحسین تەها"، عارف جەزراوی"، "ئەلی نەزەر"، "عەولەزیز"، "ساڵح دیلان"، "مریەم خان"، عایشەشان"، "سەی ئەسکەری کوردستانی"، "کاوێس ئاغا"، "ڕەسووڵ گەردی"، " شەماڵ سائیب"، "جەماڵ موفتی"، "حوسێن عەلی"،" ڕەفیق چالاک" و " مشکۆ"،مان هەیە؟!

ئەو هونەرمەندەی هونەرەکەی لە خزمەت گەلەکەیدا نەبووبێ، وەک بەفرەکەی سەرکەل ، پاشی بەینێ ،هیچی لێ نەماوەتەوە.

ئامانجی ئەم کورتە نووسینە، تەنێ یادکردنەوەێیکە لەو هونەرمەندەی لە پێناوی کوردایێتی دا، دەستی لە هەموو خۆشییەکی ژیان هەڵگرت و هەتا ما، مینا هونەرمەندێکی خودان هەڵوێست ژیا.

من نامەوێ خۆ لە قەرەی لق و پۆکانی هونەر بدەم،دیارە ئەرکی وا گران پێویستی بە لێکۆڵینەوەی تایبەت هەیە. لێرەدا گەرەکمە بە شێوەی سەرپێیانە چەن دێڕێ بۆ وەفا ،بۆ دەنگێکی نەمری کورد،بە جێ بێڵم.



هەمووومان دەزانین گۆرانی یەکێکە لە کۆنترین پاژ و بەشەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری گەلان . ئازار و ژان و ساتەخۆشەکانی هەموو گەل و نەتەوەێیک لە گۆشەی ئاواز و سترانەوە خۆ دەردەخەن.

ڕاستیت گەرەکە گۆرانی لای گەلی کورد کە بە درێژایی مێژوو گەلێکی بندەست و ژێر چەپۆکەی وڵاتانی داگیرکەر و سەردەستی کوردستان بووە، پارێزەری شوناسی کوردیمانە و بڕوام نییە کەس حاشا لەم حەقیقەتە ڕوونە بکات. کورد بە هۆیبەیت، هۆرە، سیاچەمانە، لاوک، حەیران، بەستە و مەقاماتی ڕەسەنییەوە، هەتا بەورۆ توانیویە بەشێکی زۆری میراتی گرانبایی خۆی لە فەوتان بپارێزێ. جاران ستران و گۆرانی کوردی بۆ کورد حوکمی کاراترین چەکی هەبووە. لانیکەم ئەم بابەتە بۆ چەن بەشێکی کوردستانی ژێردەست، هەمان ڕۆڵ و دەوری بینیوە.

بۆیە گۆرانی لای میللەتی کورد،هەر تەنیا هەڵگری بارێ نەبووە وجانتاێیکی هەمەڕەنگ بووە ،بەشێکی گەنجینەکەی ئێمەی کوردی، لە گەردەلوولی زەمەن دا ،لە فەوتان پاراستووە. گەلێ جێی داخ و کەسەرە لای ئێمەی کورد، کەساێتییەبەرزەکانمان،هەتا کاتێ ماون، حەقی تەواوی خۆیان نادرێتی، کەچی هەرکە لامان نەمان، بۆیان دەس دەکەین بە شین و شەپۆڕێ، هەر نەبێتەوە.

گوڵجاڕەکەی هونەری گۆرانی کوردی، ئەم بەینە خەسار و زیانێکی گەورەی لێکەوت. ڕۆژی ١٨ سێپتامبری ٢٠٠٥ زایینی،ژنە پێشمەرگە و هونەرمەندی شۆڕشگێڕی کورد،"مەرزییە فەریقی" ،لە هەرێمی غوربەت و تاراوگە، لە وڵاتی سوێد، لە تەمەنی نێزیکەی٤٧ ساڵیدا ،بە هۆی ئێش و ژانێکی نە فرە گرانەوە،بۆ هەمیشە گۆرانییەکانی بە یادگار، لا جێهێشتین.

خەرمانەی هونەری کوردی ،ساڵەکەی ئەوساڵ وەبەر وەیشومەێیکی سەخت کەوت و چەندین کەڵە هونەرمەندی کورد،بارگەیان بەرەو هەوارگەی مەرگ تێکنا و بە کۆچی ئەو پەپوولە پایزییانە،باخچەکەی هونەری کوردی، چەندین گوڵی بەرامەخۆشی،لێ هەڵوەری.

هەر بەینێ لەمەوبەر بوو،ژەنیار و مۆسیقاری هەرە ناسراوی کورد سەیدا "ولیەم یۆحەننا" ،ماڵی هونەری ئاوازی کوردی،بە جێهێشت.

ئەو زاتەی بۆ خۆ عومرێک خزمەتی گۆشەی مۆسیقای گەلەکەمانی کرد و چەندین تیپی مۆسیقای دامەزراند.

هەروەها ئەو دەنگەی دایمە زایەڵەی بۆ کەلاوەکانی ڕۆح،بەرز بوو،بە یەکجاری کپ بوو. مامۆستا "ئیبرایم خەیات"، بەرەو دیاری ئاشقانی تەریقەتی هونەر، کۆچی کرد.

"عوسمان عەلی" و" فوئاد ئەحمەد"، دوو دەنگی ئاشنای دی نێو دونیای هونەری کوردی بوون، هەر خەزانە ساڵەکەی ئەوساڵ، پەرِی ئاڵتوونییان، زەردەبارانێکی بە سەر جارِەکەی هونەری کوردیدا دابارلند.

هەر پێش ئەو سەفەرەش،لە دەڤەرەکەی کرماشان،شاری شیرینی کوردانەوە ژەنیاری هەرەبەتوانای کورد مامۆستا "موجتەبا میرزادە"، هەوارەکەی لامانی چۆڵ کرد و سەفەرێکی ناکۆتای بۆ دەربەندەکانی غوربەتی ئاوازی کوردی دەسپێکرد. هەتا مخابن نۆرە گەیشتە دەنگێ ئاشنای تر. لێ دەنگێ هەتا دەهات بەرەو پانتایی هونەر رێی دەبرِی و هێشتا زۆری مابوو پرۆژە نیوەچڵەکانی جێ وەجێ بکات. بەڵام کە بای نەهات هەڵیکرد ئیدی ناپرسێتەوە کامە بەرەو لوتکە هەڵدەکشێ و کامەش لە مێژە وا بە سەر چڵەپۆپەی داری هونەرەوە.

نووسین لە سەر مەرزییە فەریقی و بەرهەمەکانی،رۆچوونێکی هونەرییانەی پێویستە. ئەو هونەرمەندەی لە هەرِەتی گەنجی دا، وازی لە شار و ژیانی ئاسوودەی نێو شاران هێنا و بۆ پاراستنی شەرِەفی کوردی، چەکی خەباتی لە شان کرد و شان بە شانی هاوژینەکەی، هونەرمەندی خودان هزری کورد "ناسری رەزازی"، سەخت ترین و دژوارترین رۆژانی ژینی وەپشت سەر نا.

لە حاڵێکدا هاوسێرەکانی ، بە شەقامە ئەرخەوانییەکانی شاری "سنە"دا پیاسەیان دەکرد،ئەو رووی کردە شاخ. ئەو شاخەی بەرزترین وانەی کوردایەتی فێر کرد و دواتر ئەو مەرزییەی بار هێنا، بوو بە ئاڵاهەڵگری ژنی پێشرەوی کورد.ژنێک لە دوو مەیدانی خەباتی هونەری و شۆرِشگێرِی دا سەرکەوتوو دەرچوو.

یەک لەو خاڵانەی مەرزییەی جوانەمەرگ لە ژنە سترانبێژانی دی کورد جیا دەکاتەوە ،ئەوەیە مەرزیە هەتا هاتووە هونەرەکەی زێتر باڵای کردووە. مەرزییە فەریقی لە ژێر ساباتی قوتابخانەێیکی هونەری وەک ناسری رەزازی دا،بار هاتووە. هەر بۆیە شێوەی مامەڵەی، دەگەڵ هونەر دەکرێ بێژم گەلێ لە گەڵ ژنە هونەرمەندانی دی تۆفیری هەیە.

بە داخەوە زۆربەی ژنە هونەرمەندانی ئەمرۆی کورد، هێشتا هەر شوێنکەوتەن و راس لاسایی چەن بەرەی پێش خۆ دەکەنەوە.

هونەرمەند هەتا کاتێ خۆی نەدۆزیوەتەوە، پێویستە ئاورِ لە بەرهەمی بەرەی پێش خۆ بداتەوە،بەڵام کاتێ رێچکەی هونەری خۆی بینییەوە لە سەریەتی رۆژ لە دوای رۆژ، زێتر رۆحی داهێنان و نوێگەری بە وەر بەرهەمی خۆدا بکات،ئەگینا قەت بەرهەمەکەی ناچێتە خانەی هونەری راستەقینەوە.

هێشتاکە زۆرێ لە ژنە هونەرمەندانی کورد،هەر لە یەکەم قۆناخدا گیرۆدە دەبن و ئەوەندە ناسیارییان دەگەڵ چوارچێوەی کاری خۆدا نییە.

ئەو هەڵبەستەی بۆ گۆرانی خۆ هەڵیدەبژێرن ئاگایان لێی نییە ئایا دەگەڵ هەست و نەستی ژنانەدا دێتەوە یان نا؟ بەڵام بەختەوەرانە مەرزییە فەریقی ئەو قۆناخەشی سەرکەوتووانە برِی. لێ کڵۆلی میللەتی ئێمە، لە جەستەی دار و بەردمان ئەبارێ، لە حاڵێکدا هەر لە نێو فارسەکاندا هونەرمەندی وایان تیایە تازە لە تەمەنی ٤٧ ساڵان دا، پەیمانی ژنومێردایەتی دەبەستێ ،کەچی هونەرمەندی گەلە رەنجەرۆکەی مە لە هەمان تەمەندا جوانە مەرگ دەبێ.

بەڵام لای مەرزییە فەریقی، خۆشەویستی گەل و خاک،بانتر لە هەموو خۆشییەکی ژیان بوو. مەرزیە کاتێ دیلی و ژێردەستەیی گەلەکەی بە چاوی خۆ دەبینی، بە سروودە ئاورینەکانی، چەخماخەی دەکردەوە و کڵپەی شۆرِشی ئەخستە گیانی گەنجان.

نزیکەی ٢٥ ساڵ ژیانی نێو شاخ و تاراوگە، بەهرەی تایبەتیان بە مەرزییەی فەریقی بەخشی، چونکە لە غوربەتی رەهای ناخدایە، دەنگی رەسەن ئەتەقێتەوە. ئەوەی بۆ تاقە جارێک گوێی لە هاواری سترانی مەرزیە و بۆکرِووزی هەناسەی هونەری بووبێت، چاک دەزانێ ئەو سەرە سەوداییە خەونی بە کامە داهاتووی روونەوە دەبینی.

مەرزییەی فەریقی بە درێژایی نێزیک بە ٢٥-٢٠ ساڵ چالاکی هونەری، هەگبەکەی تێکەڵ بە بەری رەنگاڵەیی ئەوتۆ کرد ئەمرۆکە هەموو کوردێ چێژ لە گۆرانییەکانی دەبات.



دەنگێ پرِ ئاشنا بە جارِ بە جارِ و هەوار بە هەواری کوردستان،دەنگێ بۆ هەموو وەرزەکانی نێو کوردەواری.

مەرزییە فەریقی بە گۆرانی "ماچی خودایی"، بزەێیک ئەخاتە سەرلێومان، بە سترانی "پایز"، وەرزی نیگا ئەفسووناویی سرووشتمان لا دەکا بە میوان، بە بەزمی "شەش پەپوولەکەی"، چی پەپوولەی نیگا بێگەردە، دێنێتە نێو ژوورەکەمان، بە گۆرانی "گۆمی خوێن"، ئەو ساتانەمان وە بیر دێنێتەوە ئازای ئەندامامان بۆ یاری خۆشەویست، ئارەقەی زەرد و سوور دەرئەدا، بە سروودی "کوردستان"، هەر چوار پارچەکەی کوردستان، لامان ئەکا بە میوان.

بە دەیان بەرهەمی ناوازە و بە پێزی دی،بە گشت زاراوەکانی کوردی، دەمانباتە سەیری دەنکە هەنارەکانی هەر دەڤەر و ناوچەێیکی دی کوردستانی لەت لەت کراو. بۆیە ئەشک هەڵوەراندن بۆ بەهرەێیکی ئەوتۆ بۆ هەموو مرۆڤێکی خودان هەڵوێستی کورد پرِ پێویستە. بەشکو لەو رێگەوە هاواری پەنگ خواردووی ناخی "ناسری رەزازی" هاوژینی ئەو ژنە کۆڵنەدەرە زووتر بتەقێ و هونەری کوردی، بەو هەژانە هونەرییە پتر پێشکەوێ.

خۆزی ژنە سترانبێژانی کوردیش، رێچکە وشێوازی هونەری مەرزییە فەریقی بەرنەدەن و لەمەو بە دوا راستبێژانەتر و ژیرانەتر دەگەڵ هونەر بجوڵێنەوە.

مەبەستی سەرەکی ئەم نووسینە، رێزنان لە خەباتی ژنە هونەرمەندێکی کورد لە دوو بەستێنی ژیانی کوردایێتی دا بوو، هەروەها دڵنەواێیک لە هونەرمەندی شۆرِشگێرِ و کوردپەروەر "ناسری رەزازی" .

٣٠ خەرمانانی ٢٧٠٥ کوردی.

سەرچاوە : گیارەنگ

# گەورترین خەڵات بۆ هونەرمەند، خۆشەویستی میللەتە. (فواد ئەحمەد)

# کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان

## بەشی پێنجەم

## بەشی یازدەهەم: "ئاکامی گشتیی مەسەلەی کورد"

## ٢- کوردستان لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دا

نووسینی: حوسێن مەدەنی

### ج – پێگەیشتنی ناسیۆنالیزمە ستەمکارەکان




پاش شەڕی یەکەمی جیهانی،وێرای دروست بوونی هێندێک وڵاتی تازە لە باشووری رۆژئاوای ئاسیا،تێئوری دەوڵەتداریی ئینگلیس و فەرنسە کە لەسەر پاژنێی "دەوڵەت – نەتەوە" هەڵ دەخولا،بوو بەباو.بەتایبەت لەو زەمانی را ئینگلیس سیاسەتی ستراتێژیکی خۆی تەواو سەرو بن کرد. دەستی لە دواکەوتوو راگرتنی وڵاتان هەڵگرت.ئەو هەلە بۆ وڵاتانی تورکیا،ئێران،عێراق وسووریا رەخسا خێراتر لە وڵاتانی دیکەی ئەو مەلبەندە، تێزی حاکمییەتی "دەوڵەت – نەتەوە" بێننە بەرهەم.هێندەی نەخایاند دەوڵەتەکانیان،ئیدئۆلۆژیی ناسیۆنالیزمی فەرمانرەوای تورک،فارس عەرەب یان کردە گۆپاڵ و قۆڵەچۆماغ وسەر و پوتراکی گەلانی ژێر دەستیان پێ تێک دەکردنەوە.

### ناسیۆنالیزمی تورک

"ضیاءگالوبی" کورد،بە ئیلهام وەرگرتن کۆمەڵناسی"دورکیم"تێزی ناسیۆنالیزمی تورکی دارشت،میللەتی عوسمانی مرد و میللەتی تورک لە دایک بوو.

(تورانچیتی)(زارەفاند)ودەرکەوتن،ئایدیۆلۆژیا و بەرنامە،وەرگیر ئەبووبکر خۆشناو،لاپەرەی ٢٨)مستەفا کەماڵ لە ساڵی ١٩٢٣ی زایینی یەوە نیزامی خەلیفەت و سەڵتەنەتی رامالی، دەوڵەتی عوسمانی هەڵوەشاند،کۆماری تورکیاو دەوڵەتی تورکی دامەزراند.نەتەوەی تورکی کردە حاکم،گۆتیان سەران سەری ئاسیا ماڵی تورکانە! لە مارسی ١٩٢٤ی زایینی دەستیان بە قوتابخانە و کوڕ و بڵاوکراوە تەریقەتە ئایینی کان داهێنا، نوای کوردستانیان لە کتیبی مێژوو و جوغرافیا دا سڕیەوە،مێشکی قوتابی یان بە تورک و رەگەزی تورک زاخاودا،هەر ئەفەندییەکی خۆی بەتورک لە قەڵەم نەدابا،بە کارمەند و مووچەخۆر وەرنەدەگیرا! (بڕوانە شۆرشی نەتەوەی کورد لە تورکیا،نووسینی ئیحسان نووری،وەرگێرانی جەمیل رۆژبەیانی،لاپەرکانی ١٩و ٢٠)لە ماددەی ٨٩ی قانوونی ئەساسیی تورکیا دانەگونجابوو: "لە وڵاتی کۆماری تورکیادا هیچ کەمایەتی یەک نییە" ( بروانە کردها،کندال نزان،عصمت شریفوانلی،مصطفی نازدار،بقلم ماکسیم رودنسون،وەرگیرانی ابراهیم یونسی لاپەرەی ٣٨)

مستەفا کەماڵ بۆ خزمەتی ناسیۆنالیزمی تورک لە خۆی پرسیاری کرد:

"بۆچی وڵاتانی باڵکانمان لە دەست دا" هەربۆ خۆشی وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ:

"لەبەر ئەوە بوو وڵاتانی باڵکان ئوسلاویەکان فێری ئوسلوبی لێکۆڵینەوە و لێ وردبوونەوە ببوون.لە سەر زمان و فەرهەنگ و تایبەتمەندی یەکانی خۆیان توێژینەوەی بە نرخیان کرد،خەڵکیان وشیار کردەوە، شعووری نەتەوەیی یان گەشە پێدا،ئەمجارە راپەرین و خەبات دژی سوڵتەی ئیمپراتوریی عوسمانی یان وەرێخست"(دوکتور ئیسماعیل بیشکچی،کردستان مستعمرە مشترک چند دولت،برگردان ع.بابان،چاپ اول سوید ١٩٦٦ ، بروانە جوهر مسالە کرد،تقسیم و توزیع کردستان،لاپەرەی ٥١)

بیرو بۆچوونی و هەڵوێستی مستەفا کەماڵ بە کردەوە لە ژێر حاکمییەتی کۆماری تورکیا دا دەلاقەی هەناسە کێشان و خۆناسیی لە نەتەوەکانی غەیری تورک،بە تایبەتی لە نەتەوەی کورد قەپات کرد.

ناسیۆنالیزمی تورک بە داوای تێک شاندنی شۆرشی ئارات لە ساڵی ١٩٣٠ زایینی دا بە قەولی خۆی، ناسۆنالیزمی کوردی لە گۆرنا، بە کردەوە،تورکی کردە ئاغا و ئەربابی وڵات. گەلانی غەیرە تورکیان کردە غوڵام و خزمەتکار؛ تواندنەوەی کورد، کۆچی ئیجباری،کاول کردنی گوندە ستراتیژی یەکان،هەڵتەکاندنی ژیانی خەڵک،بوو بە سیاسەتی رەسمیی ناسۆنالیزمی دەسەڵاتداری تورک.تورکان جاریان دانابێ لە تواندنەوە بترسێنن. کوردەکان بە رەگەز توورانین، زمانەکەیان بێجگە لە تورکی کۆن و فارسی و عەرەبی و هەرمەنی شتێکی دیکە نییە.(بروانە کردها. کندال نزان،عصمت شریفوالی، مصطفی نازدار،لاپەرەی ١٩٨)

### ناسیۆنالیزمی ئێرانی

لەسەدەی نۆزدە دا حکوومەتی قاجار و رووناکبیرانی ئێرانی لەسەر "نەتەوە" و"مسائل ملی" هیچ روانگەیەکی روونیان نەبوو." مستشارالدولە"یەکێک لە رووناکبیرانە بوو، غیرەتی وەبەر خۆی ناوە، بۆ یەکەم جار لە ریسالە سیاسی یەکەیدا لە سەر پێوەندی ئۆرگانیزمی "ئیرادەی خەڵک" و "نەتەوە"و "دەسەڵاتی دەوڵەت" داوە. مستشارالدولە بێ ئەوەی فەرقێک بە مقوولەی:خەڵک و نەتەوە"بکا،لە پشت تیزی دەسەڵاتی دەوڵەت لە ئیرادەی میللەتەوە سەرچاوە دەگرێ،راوەستا، بەخاتری دەربڕینی ئەو بیرو باوەرش بوو لە قەزوین زیندانی کرا،هێندەیان بە سەر وگوێلاکی دادا،تا بینایی یان لێ برێ. بیروڕای مستشارالدولە و رووناکبیرانی لە بابەتە بوو،ئاگری شۆرشی مەشرووتەی (١٩٠٥ – ١٩٠٩ز)بەرپا کرد و، نیزامی دەسەڵاتی یاسایی لە ئێران دامەزرا.بۆ یەکەم جار ئیستلاحی "نەتەوە" لە قانوونی ئەساسیی ئێران دا جێی خۆی کردەوە.لە ئەسلی ١١ی قانوونی ئەساسیی دا هاتبوو:

هەر ئەندامێکی مەجلیس دەبی بۆ دیفاع لە ئەوسوولی سەڵتەنەت و پشتیوانی لە مافی میللەت و ئەو شتانەی پێوەندی یان بە قازانج و بەرژەوەندیی دەوڵەت و نەتەوەی

ئێرانەوە هەیە سوێند بخوا.

(آزربایجان در ایران معاصر،تالیف دکتر تورج اتابکی،ترجمه محمد کریم شراق، ایرانیان، یک ملت. یا یک اهالی اند. لاپەڕەکانی ٣١ تا ٣٣)

بەپێی قانوونی ئەساسی هەموو ئێرانی یەک بە" خەڵکی ئێران"و ئەندامی یەک نەتەوە "نەتەوەی ئێران"ناسران و، هاووڵاتی یەتی و نەتەوەیی کرانی ئێران جل و بەرگی قانوونی پێ دەبەر کرا.بە دوای قانوونی کردنی "نەتەوەی ئێران" مەیدان بۆ خۆناساندنی هیچ نەتەوەیەکی دیکە جیا لە"نەتەوەی ئێران" لە ئارادا نەما.

ئیدەی ناسیۆنالیزمی ئێرانی،لە کاتی بەستنی "پەیمانی سێڤر"و، هەڵگیرسانی شۆڕشی ناسیۆنالیستیی کورد بە سەرۆکایەتیی سمکۆ و حوکمداری "شێخ مەحموود" لە هەرتی فریکە بوونی خۆی دابوو. سیاسەتی ستراتێژیی بریتانیا کە لە هێنانە سەر کاری حکوومەتێکی بەهێز و ڕێزلێنان لە سەروەریی خاکی ئێران دەوری سەرەکی دەگێڕا،هۆی ئەوە ناسیۆنالیزمی ئێرانی گەشە بکا و دەور هەڵگرێ و ببێتە حاکم.

سیاسەتمدارانی ناسیۆنالیستی ئێران لەو زەمانیش دا نییەتیان لە ئاست چارە نووسی سیاسی کوردان زرۆ ناپاک بوو. کوردیان پێ میللەت نەبوو، خاکی کوردستانی عوسمانیشیان بە هیٚ ئێران دەزانی. شازادە" نصرت الله فیروز" وەزیری دەرەوەی ئێران هیچ هەوڵێک نەما بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەی سێڤر بە کاری نەهێنێ، بۆ کونفرانسی ئاشتی نووسیبووی:

"[کوردەکان]...قەت نەیانتوانیوە ببنە نەتەوە،بە دووریش دەزانن ببنە خاوەنی سنووری سیاسی تایبەت بە خۆیان". (اسناد محرمانه وزارت خارجه بریتانیا، لاپەڕەی ٢٢٢)

هەر لە وەختەشدا بوو، شازادە سولیمان میرزا، لە مەجلیسی شورای میللی دا دەڵێنگی لە حکوومەتی "شێخ مەحمود "هەڵکرد و گوتی:

"کوردەکان لە هەموو کەس باشتر دەزانن ئێرانین، "شێخ مەحموود" هەر ئیددیعایەکی بیشی کات لە خەیاڵ پڵاو بەلاوەتر نییە"(تاریخ بیست ساله ایران جلد دوم. مقدمات تبیر سلطنت. حسن مکی، لاپەڕەی ٢٧٤)

ناسیۆنالیزمی ئێرانی پاش سەری یەکەمی جیهانی لەسەر دوو لاقان پێی هەڵگرت: ئێرانیگەری لە ئیدیۆلۆژی دا و، دەوڵەتی بەهێزی ناوەندی لە مەیدانی کردەوە دا. دەوڵەتی بە هێزی ڕەزاخان بە پاڵپشتی مێژووی ئێران و زمانی فارسی بوو،بناغەی ناسۆنالیزمی ئێرانی دارشت.(شاهرخ مسکوب، کتاب باستان و ادبیات و سرگذشت اجتماع،تاران ٣٧٣/١٧،لاپەڕەی ٣١)

ڕووناکبیرانی ناسیۆنالیست، لە "ملک الشعرا"ی نیشتمانپەروەرەوە ڕا بگرە تا دەگەیشتەوە ئێرانچێتیی"کسروی، توێژێکی ئاراستە کراو بە ئیدەی ناسیۆنالیزمی تۆخی ئێرانی بوو ئەمانە بۆ سەقامگیر کردنی حاکمییەتی ناسیۆنالیزمی ئێرانی، لە پشت دەوڵەتی بەهێزی ناوەندی راوەستان و ڕێگا خۆشکەری بوون. تاق و لۆق کەسانی وەکوو "میرزاعیشقی " پەیدا دەبوو دەخۆی ڕانووسێ و لە بەرامبەر ڕەزاخان دا(سەردار سپە) بکۆخێ. سەردار سپە لەو زەمانی دا بە "باوکی میللەت" ناوبانگی ڕۆیبوو. بەڵام میرزادەی عیشقی ئازایانە نەفرتی خۆی لە باوکی میللەت دەربڕی و گوتی:

پدر ملت اگر این بی پدر است
به چنین ملت و گور پدرش باید خندید

"ملک الشعراء بهار" لەو ڕووناکبیرانە بوو، خەونی بە هاتنە سەرکاری حکوومەتێکی دیکتاتورەوە دەدی و دەی گوت:

... دیکتاتور یان حکوومەتیکی بە هێز و شتێکی لەو بابەتانە، هەر من وام بیر نەدەکردەوە، ئەو بیرو بۆچوونی چێنیکی فامیدە و شارەزای وەزعی ئەو زەمانی بوو، هەموویان ئەوەیان گەرەک بوو... وەختێک ڕەزاخانی پەهلەوی هاتە مەیدان، منیش بروایەکی تەواوم بەو ئینسانە تازەکارە و ئازا و بە توانایە هێنا"(شاهرخ مسکوب،کتاب داستان و ادبیات،لاپەڕەکانی ٢٦ و ٢٧)

حکوومەتی بەهێزی ڕەزاشا هەرچەند داخوازی و ئاواتی ڕووناکبیرانی لیبراڵی ئێرانی وەدی هێنا، بەو حاڵەش وەخۆی نەگرتن. زۆربەی ئەوانەی ڕێگای ئیدئۆلۆژی یان بۆ هاتنە سەرکاری تەخت کردبوو، بە کوشتن و زیندانی کردن و دوور خستنەوە، لە خۆی تەکاندنەوە.

ڕەزاشا بۆ یەکرەنگ کردنی هەرچی زیاتر تەک نەتەوەیی کردنی ئێران، لە ڕێبەندانی ساڵی ١٣١٦ی هەتاوی دا ئیدارەیەکی بە ناوی " سازمان پرورش افکار" دامەزراند. لە پەیرەو کردنی سیاسەتی شووینستانەی دا دەیان هەزار کوردی لە کوردستان هەڵقەند، لە مازەندەران و خوراسان و ناوەندی ئێرانی پەستاوتن، بە ئەنوەست تورکەکانی لە جێگای ئەوان دانا، بەو کارە لە نێوان دوو نەتەوەی دراوسێ ئاگری دژایەتیی قەومی خۆش کرد.

بە گشتی زۆربەی ئەو ڕووناکبیرانەی بیرو ڕای لیبراڵی و چەپییان هەبوو، ڕەوتی ناوەندناژۆیی یان خێراتر کرد. بۆ لابردنی کەند و کۆسپی سەر ڕێگای پێشکەوتنی وڵات و بۆ هێنانە بەرهەمی ئیرادەی یەکگرتووانەی خەڵک و سەربەخۆیی "نەتەوەی ئێران" پشتیان بە حکوومەتی ناوەندناژۆیی ڕەزاشاوە بەستبوو.

دوو گۆڤاری"ایرانشهر" و "آینده"بیوونە پێشەنگی برەو پێدانی بیری ناسیۆنالیزمی ئێرانی."ایرانشهر" بۆ زیندوو کردنەوەی مێژوو و فەرهەنگی کۆنی ئێرانیان قۆڵی لێ هەڵکرد بوو، گۆڤاری "آینده"ش لەسەر یەکپارچەیی خاک و بە ئێرانی کردنی هەموو ئێرانی یەک لە نێو میللەتی ئێران دا گەلاڵە دارێژ بوو. "محمود افشار" کۆلکە تیئۆریسیەنی ناسیۆنالیزمی ئێرانی، کەرەسەی بە هێزی یەکگرتوویی فەرهەنگی و سیاسی ئێران. لە سەرانسەری کردنی زمانی فارسی دا دەبینێتەوە و ڕەنگی نەتەوەیی یان پێ هەڵ دێنی:

"مەبەستمان لە یەکگرتوویی نەتەوەیی ئێران، یەکگرتوویی سیاسی،ئەخلاقی و کۆمەلایەتیی ئەو کۆمەڵە خەڵکەیە کە لە نێو سنووری ئێستا وڵاتی ئێران دا دەژین. ئەم وتەیەش هەڵگری دوو شتە: پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی و تەواویەتیی خالی ئێرانە. یەکگرتوویی نەتەوەیی زەمانێک مسۆگەر دەبێ کە زمانی فارسی لە سەرانسەری وڵات دا پنج داکوتێ. جیاوازی لیباس و ئەخلاق وشتی لە بابەتانە لە ناوچەکان دا گەڵگیرین.پاشاگەردانی نەمێنی،لە مابەینی کورد ولۆر و قەشقایی و عەرەب و تورک و تورکمەن و هتددا،فەرق دانەنرێ،هەرکەس لە خۆیەوە جل وبەرگێک نەپۆشێ و بە زمانی خۆی قسە نەکا،دەو باوەرە دابێ هەتا لە بواری زمان،ئەخلاق،جل و بەرگەوە یەکگرتوویی نەتەوەیی نەیەتە دی، سەربەخۆیی سیاسی و تەواوەتیی خاک لە خەتەر دەکەون...

کەوابوو دەبێ هەموومان بەگیان و دڵ بخوازین و هەوڵ بدەین زمانی فارسی لە سەرانسەری ئێران دا ڕەسمیەت پەیدا بکا و بەرە بەرە جێ بە زمانەکانی بێگانە[!] لێژ بکا.تا قوتابخانەی سەرەتایی لە هەموو شوێنێک نەکرێتەوە و یاسای پەروەردەی گشتی ڕێگا بۆ خوێندنی ئیجباری و خۆرایی خۆش نەکا، ئەو کارەش سەر ناگرێ.(آذربایجان در ایران معاصر،تالیف دکتر تورج اتابکی،ترجمه محمد کریم شراق، سیاست تمرکز گرایی،لاپەڕەکانی ٦٩،٦٨،٦٧،٦٦)

"عارفی قەزوینی" لە کۆپلە شێعرێکی دا شوێن پێی "مەحموودی ئەفشار" هەڵ دەگری و هەل دەکوتێتە سەر زمانی تورکی و دەڵێ:

زبان ترکی از برای ازقفا کشیدن است

بۆ لاپەڕی ١٣

سەرچاوە Serchawe



# پەندی پیشینیان



مەلا غەفووری دەبباغی



سوور نەبی لەسەر وەعدە و بەڵێنی — گەنجی دونیات بێ، پووشێک ناهێنی
ئەوەی لە پووشێک نەکۆڵێتەوە — لۆدە کای بەرن، ناپرسێتەوە
بەس لەمە زیاتر خۆت گێل و کەڕ کە! — ئەو ماستە بێ موو نییە، باوەڕکە!
خۆشباوەڕ نەبی بەو حەددە چاکە — ئەو هەویرە ئاو زۆر دەبا کاکە!
قەل ئەڵێن لاسای کەوی کردەوە — ڕۆینەکەی خۆیشی لەبیر بردەوە
قەت مەڵێ بوومان، بێژە هەمانە! — نان ئەو نانەیە ئەمڕۆ لە خوانە
ئەو کەسە دۆستی گیانیگیانیتە — هاوڕێی نەبوونی و لێقەوماویتە
کێ باسی خەڵکی کرد بەلاتەوە — بۆ ئەوان قسەی تۆش ئەباتەوە!
پرس و ڕات نەبێ، ئیشت لە پاشە — سەری بێدەلاک نەتاشی باشە
گێرە چۆن دەکرێ بە بزن، هەژار؟ — گاجووتی دەوێ و پیاوی کۆنەکار
منەت لەم و لەو مەکێشە دەمچەوت! — پوڵ بدە و مەلا دەرکە لە مزگەوت!
هەڵە چاوپۆشی لێ دەکرێ، بەڵام — جارێک و دوو جار، نەکو بەردەوام
خۆی لەبۆ ڕاوچی دەکووژێ تاژی — تا کەرێ نەبێ، عاقڵێ ناژی
بە توووند و تیژی کار نابێ مەیسەر — مار بە قسەی خۆش لە کون دێتە دەر
وتیان پشیلە، گووت بە دەرمانە! — داییۆشی بە خۆڵ ئەو بێویژدانە
نەمدیوە لە ئاش گەرمتر کاسە — مەگەر لەژێریا هەبێ نیوکاسە
ڕێژنەبارانە یا ڕەشەبایە — هەر عومری بەفر بە بای فەنایە



* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

پاشماوەی لاپەڕی ۱۲ (کوردستان ستراتیژی دەوڵەتان)

صلاح، پای این زبان، ز مملکت بریدن است
دواسبه با بازبان فارسی. از ارس پریدن است
نسیم صبدم خیز
بگو به مردم تبریز
که نیست خلوت زرتشت
جای صحبت چنگیز

*(آذربایجان در ایران معاصر،تالیف دکتر تورج اتابکی،ترجمه محمد کریم شراق، سیاست تمرکز گرایی،لاپەڕەی ۶۸)*

*لەسەریەک* ڕەزاشا ئەوەی ڕووناکبیران چاوەڕوانیان دەکرد بۆی وەدی هێنان. ڕەزاشا لە بەرنامەی ئامووزش دا، قوتابخانەی بە سەبکی نوێ کردەوە و جێی بە مەکتەبە ئایینیەکان لێژ کرد. بۆ یەکەم جار کتێبی دەرسی بە زمانی فارسی لە چاپ دران، خوێندن بە زمانەکانی دیکە قەدەغە کرا. فارسی نەک هەر بوو بە زمانی میللی ئێران، هەرچی زمانی قەومی بوو مەنع کران. ئێزنیان بە کەس نەدا بێجگە لە بەکار هێنانی زمانی فارسی کتێب و ڕۆژنامە بە زمانەکانی دیکە لە چاپ بدەن. بەدەستووری سەرۆک وەزیر" فروغی"(لە پووشپەڕی ۱۳۱۴ی هەتاوی) بنیاتیکی نوێ یان بە ناوی "فەرهەنگستان" کردەوە، ئەرکی ئەو بنیاتە خاوێن کردنەوەی زمانی فارسی و دانانی وشەی نوێ بە جێی وشەی بێگانە لە نێو زمانی فارسی دابوو. *(آذربایجان در ایران معاصر،تالیف دکتر تورج اتابکی،ترجمه محمد کریم شراق، سیاست تمرکز گرایی،لاپەڕەی ۷۰)*

*بەم جۆرە یەکگرتوویی نەتەوەیی لە قالبی "نەتەوەی ئێران" و "زمانی فارسی" دا ڕەگی داکوتا،ئێتر لە مەودوا سایەی ئیدئۆلۆژیی ناسیۆنالیزمی ئێرانی باڵی بەسەر وڵات دا کێشا. بە تاوانی خەیانەت و تەجزیەتەڵەبی بێرەحمانە سەرکوت دەکرا.*

*درێژەی هەیە...*

## دوژمن خراپترین دڕندەیە (چارلی چاپلین)

# چیرۆک بۆ منداڵان

## سەردانی نەخۆش

نووسینی /حاتەم باتاسی



هیوا منداڵێکی زۆر ژیر بوو قوتابی بوو لەپۆلی چوارەمی سەرەتایی دەیخوێند، هەموو ساڵێک بە پلەی یەکەم لەناو هاوڕێکانی لەقوتابخانە دەردەچوو، ڕۆژێکیان ((هیوا))لەماڵەوە نەخۆش کەوتو نەیتوانی بچێتە قوتابخانە کە مامۆستاو هاوڕێکانی بەمەیان زانی چوونە سەردانی هیوا لەماڵەوە، لەگەڵ پێشکەش کردنی چەندەها دیاری جۆراوجۆرو قەشەنگ بەتایبەتیش چەندەها چەپکە گوڵی جوانو ڕازاوە دڵو دەروونی (هیوا)یان خۆش کرد وە ئومێدی چاک بوونەوەیان بۆ خواست.

هیوا ش پڕ بە دڵ زۆر سوپاسی یەکەیەکەی مامۆستاو هاوڕێکانی کردو بزەی خۆشی سەر لێوەکانی گرت تا وای لێ هات هێدی هێدی ئازاری نەخۆشیەکەی لەسەر کەم ببێتەوەو باری تەندروستی زۆر بەرەو باشتر بچێت.

بەڵام بۆ ماوەیەکی کەم لای هیوای ژیکەڵە مانەوە، ئەزانن منداڵە ژیکەڵەکان بۆ! لەبەر ئەوەی هەمیشە نەخۆش پێویستی بە حەوانەوەی بەردەوام هەیە.

بۆ ڕۆژی دواتر(هیوا)ی ژیکەڵە باری تەندروستی بەرەو چاک بوونەوە چوو وە گەڕایەوە سەر دۆخی جاران، بۆیە هەوڵی ئەوەی دا لەماڵەوە بە یارمەتی دایکوباوکی بە وانەکانی ئەو ڕۆژە دابچێتەوەو یەکە یەکە زۆر بە ڕێکو پێکی بیانخوێنێت.

کەواتە منداڵە جوانەکان ئێوەی ئازیزیش لەهەرکاتێک هاوڕێیەکتان نەخۆش کەوت بەو شێوازە سەردانی بکەن وە زۆر لەلای نەخۆش نەمێننەوە تاوەکو نەخۆشەکە حەوانەوەی لێ تێک نەچێت وە ئەگەر نیازی دیاریشتان هەبوو بۆ ئەوەی بۆی ببەن هەوڵ بدەن گوڵی جوانو ڕازاوە هەڵبژێرنو بە خۆشحاڵیەوە پێشکەشی بکەن چونکە گوڵ جوانترین دیاری یە.

هەروەها منداڵە ژیکەڵەکان ئاگاداریش بن لەوانەکانتان خوانەکردە ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان وەکو هیوا لەماڵەوە نەخۆش کەوتن، هەرکاتێک چاک بوونەوە بە گشت وانەکانی ئەو ڕۆژەتان دا بچنەوە بۆ ئەوەی لەهیچ وانەیەک لەهیچ ڕۆژێک دوانەکەون تاوەکو هەمیشەو بەردەوام بەرەو سەرکەوتن هەنگاوی زیاتر بهاوێژن.

## مێگەلە مەڕ و بزنێک لەنێو دەغلی جوتیارێک

نووسینی / حاتەم باتاسی



...جارێکیان مێگەلە مەڕو بزنێک لەنزیک دەغلی جوتیارێک دەلەوەڕان، دەغلەکە سەوزاییەکی جوانو تەڕیان پێوە دیاربوو کە ببووە هۆی سەرنج ڕاکێشانی ئەو مێگەلە مەڕە تا لەناویەوە بلەوەڕێن... بۆیە ڕۆژێکیان لەکاتی نیوەڕۆیەک شوانەکە لەژێر سێبەری دارێک خەوێکی زۆر قووڵی لێ کەوتبوو سەگەکەش پاسەوانێتی ئەو مێگەلە مەڕو بزنانەی دەکرد. دوای ئەمە ژمارەیەک لەو مێگەلە مەڕو بزنانە دەچنە ناو دەغلەکە، هێدی...هێدی...لەناویەوە دەلەوەڕێن وە بەشێکی هەرە زۆری دەغلەکەش لەژێر قاچی ئەو مەڕو بزنانە لەناودەچن .هەر لەوکاتی جوتیارەکە هەواڵی ئەو کۆمەڵە مەڕو بزنانەی پێ گەیشت کەوا زیانی زۆریان بەدەغلەکە گەیاندووە، بۆیە خێرا بەسواری ئەسپەکەی خۆی بە غار غارێن ئەگاتە شوێنەکە، کە تەماشا ئەکات بەمە زۆر ڕقی هەڵدەستێت ..بۆیە هەموو مەڕو بزنەکانی ناو دەغلەکە کۆئەکاتەوە بۆ ئەوەی لەجیاتی ئەو زیانەی کە پێیان گەیاندووە بۆ خۆیان ببات. زۆری پێ ناچێت سەگەکە دەنگو هاواری بە(حەو..حەو)لێ هەڵدەستێت تا شوانەکە لە خەوە قووڵەکە بەخەبەر دێتەوە. شوانەکەش زوو لە دەنگی سەگەکە زانی شتێک رووی داوە بۆیە بەپەلەو بەچاوی پڕ لەخەو کە تەماشایەکی دەورو بەرەکەی خۆی ئەکات خێرا بەرەو لای جوتیارەکەو مێگەلە مەڕو بزنەکە ئەچێت کە لە بەسەرهاتەکە تێ ئەگات زۆر خۆی بە شەرمەزاری جوتیارەکە ئەزانێت بۆیە بەوپەڕی ڕێزەوە داوای لێ بووردنی لێ ئەکات وە ئامادەیی خۆی نیشان ئەدات کەوا قەرەبووی ئەو هەموو زیانەی بۆ پڕ بکاتەوە کە پێی گەیشتووە .

...بەڵێ هێدی...هێدی شوانەکە بە وتەی خۆشو هەڵوێستی جوان کاریگەریەکی تەواوی خستە نێو دەروونی جوتیارەکە تا وای لێ هات جوتیارەکە بڵێ -:بەڕاستی منیش ویستم لە بەرامبەر هەڵەی ئێوە هەڵە بکەمو ئەو کۆمەڵە مەڕو بزنانە لەبری ئەو زیانەی کە بەمنتان گەیاندووە بۆ خۆمیان ببەم، بەڵام ئەمەش چارەسەر نیە بەڵکو هەڵەیەکە بەرامبەر هەڵە دەکرێت بۆیە ئێستا لەمە پەشیمان بوومەتەوە. فەرموو گشت مەڕو بزنەکانت ببەرەوەو هیچ قەرەبوو کردنەوەیەکیشم بۆ ئەو مەبەستە ناوێتو گەردەنت ئازاد بێت . چونکە ئێستا گەیشتوومەتە ئەو باوەڕە جەنابت مرۆڤێکی دەم پاکو ڕەوشت جوانو وتە نەرمیت جگە لەمە دڵنیابوومەوە لەوەی کە دەستی ئەنقەست لەگەڵا ئەو زیان پێگەیاندنە نەبووەو ئەو کۆمەڵە مەڕو بزنانە گیانلەبەری نەزانن باشو خراپ لێک جیا ناکەنەوە بۆیە قەرەبوو کردنەوەش لە بەرامبەر ئەمە بەتاوان ئەزانم چونکە ئەبێتە زیانێکی تر، بۆیە ئەبێ ئێمەی مرۆڤ هەمیشە خۆمان لێ بپارێزین. ئەم وەڵامە بۆ شوانەکە بووە مۆژدەیەکی خۆش، بۆیە پڕ بە دڵا زۆر سوپاسی جوتیارەکەی کرد .

...جا منداڵە جوانەکان... بەقسەی خۆشو بە وتەی نەرمو بە زەردەخەنەی جوانو بە لێبووردن لە ئاست هەر هەڵەیەک هەمیشە ئەتوانین دڵی خەڵکو دەوروبەر لەخۆمان ڕازی بکەینو خۆشیو شادی بخەینە ناو دڵی ئەوانو ئینجا ناو دڵی خۆشمان.

**بوونی دایکێک خۆی لە خۆیدا مانای خۆشی و دڵنیاییە .(چارلی چاپلین)**



# تەندروستی



## بیست ڕێگە بۆ تەمەن درێژی

به لەبەرچاو گرتنی چەند خالێک مرۆڤ تەمەن درێژتر دەبێت.

به پێی هەواڵی (پارسی تێب)، لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە بە لەبەر چاو گرتنی ئەو خاڵانە مرۆڤ بۆ چەند ساڵ زیاتر ژیان دەکات.





١ . زەماوەند کردن: ڕێژەی مردنی کەسانی زگورتی زیاترە.

٢ . پێکەنین: دەبێتە هۆی بە هێز کردنی سیستەمی بەرگری لەش، کەم کردنی شەکرەی خوێن، باشتر هاتو چۆی ئۆکسیجین و باشتر بوونی خەو. لەکاتی پێکەنین هاتو چۆی خوێن سەدا ٢٢ زیاد و لەکاتی خەمۆکیش سەدا ٣٢ کەم دەکات.

٣ . ڕاگرتنی ئاژەڵی ماڵی: جوڵە کردن بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵی ماڵی، تەندروستی و چاو لە جوڵەکردنی و دەربڕینی خۆشەویستی بۆ ئاژەڵ ئارامیشی بەدواوەیە.

٤ . جگەرە نەکێشان: ئەو کەسانەی کە جگەرە دەکێشن جگە لە توشبوون بە نەخۆشی نزیک بە ١٣ ساڵ لە تەمەنیان کەم دەبێتەوە.



٥. وەرزشی زیاتر: تەندروستی دڵ و کەم بوونی کلسترۆل و فشاری خوێن و پێشگیری لە شەکرەی بەدواوەیە.

٦. کاری فیکری: وەرزشی شەترەنج و خوێندنەوەی ڕۆژنامە بۆ مێشک باشە و پێش لە توشبوون بە نەخۆشی فەرامۆشی دەگرێت.

٧ . کەمتر لە ژێر تیشکی خۆر بوون: زۆر لە ژێر تیشکی خۆر بوون ئەگەری توشبوون بە شێرپەنجەی پێستی هەیە.

٨. چوون بۆ لای پزیشک: ئەنجام دانی تاقیکردنەوەی پزیشکی گشتی پێش لە توشبوون بە نەخۆشی دەگرێت.

٩ . خواردنی ماسی: پێش لە نەخۆشی دڵ، مەیینی خوێن دەگرێت و بۆ کەم کردنی چەوری خوێن بەسوودە و پڕە لە سلنیۆم و پرۆتین و ئانتی ئۆکسیدان.



١٠ . خواردنی میوە و سەوزەکان: مەوادی کانزایی، پرۆتین و ئانتی ئۆکسیدانیان تێدایە.

١١ . پەیوەندی جەستەیی: لەباوەش گرتن و دەست لەناو دەست نان پێش لە نەخۆشیەکانی دڵ و فشاری خوێن دەگرێت.

١٢ . کەم خواردنەوەی مەی

١٣ . خەوی باش: کەمتر لە ٦ کاتژمێر خەوتن بۆ تەندروستی خراپە.

١٤ . ئیجابی بیر کردنەوە: سەدا ١٩ تەمەن درێژ دەکاتەوە.



١٥ . کەم خواردنی خۆراکی چەور: خۆراکی کەم چەوری بۆ تەندروستی دڵ باشە.

١٦ . چوون بۆ لای پزیشکی ددان: نەخۆشی ددان توشبوون بەنەخۆشییەکانی هەناسە و دڵی بەدواوەیە.

١٧ . کۆنترۆڵی دڵەڕاوکێ: دڵەڕاوکێ کەم بوونی کلسترۆڵ، کاری مێشکی و بێ هێزی سیستەمی بەرگری بەدواوەیە.

١٨ . خوێندنی باڵا: خوێندنی باڵا بۆ تەندروستی ژیان باشە.

١٩ . خواردنی ڤیتامینەکان: بۆ پێشگیری لە توشبوون بە نەخۆشیەکانی دڵ بەسوودە.

٢٠ . خواردنەوەی چا: چای سەوز ئەگەری توشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ کەم دەکات.

### بیبەری تیژ یارمەتی کەمکردنەوەی کێشی لەش دەدات

توێژەرانی بواری سەوزەو میوە دەڵێن" خواردنی بیبەری تیژ یارمەتیەکی چالاکە بۆ کەمکردنەوەی کێشی لەش ، ئەمەش لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی ئاستی گۆڕینی ئارەزوی تایبەتی تاکە کەس و سووتاندنی چەوری .

توێژەران لە زانکۆی کالیفۆرنیا ئاماژەیان بەوەدا کە ئەو تیژیەکی لە بیبەر بەرهەم دەهێنرێت ، توانای ئاستی مرۆڤ بۆ بەکارهێنانی یەکەی گەرمی زیاد دەکات , ئەمەش هەڵدەستێت بە ڕۆلی لەناوبردنی چەوری لە جەستەدا .

ڕۆژنامەی "دەیلی تەلیگراف"ی بەریتانی بلاویکردەوە کە توێژەران تاقیکردنەوەکەیان لەسەر٣٤ پیاو و ئافرەت بۆ ماوەی ٢٨ ڕۆژ ئەنجام داوە ، دواتر ئاشکرایان کرد بەکارهێنانی بیبەری تیژ کە بەشێکە لە خۆراکی بەرگریکەر سوودێکی تەندروستی گرنگ بە مرۆڤ دەبەخشێت ، بەتایبەت بۆ کەمکردنەوەی کێشی لەش .

بە پێی لێکۆلینەوەیەکی پێشووتر مادەی "کابسیسن" کە بە ڕێژەیەکی بەرز لە بیبەری تیژدا هەیە ، دەورێکی کاریگەر لە کەم کردنەوە مەترسی تووشبوون بە نەخۆشی جگەر دەبینێت ، وە بەرگری لە خانەکانی جگەر دەکات لەو مادە زیانبەخشانەی دەچنە ناو جەستەیەوە .

هەروەها بیبەری تیژ لە ژمارەیەکی زۆر ڤیتامیەنەکان پێک دێت ، ئەوانیش وەکو ڤیتامین "G" و "A" ، لەگەڵ بیتاکارۆتین

پەیامنیر

بەبەختەوەری یەکتری دڵخۆشبن نەوەک بە بەدبەختی یەکتری .(چارلی چاپلین)



# بۆ پێکەنین



## سەرەخۆشی

له ناوچەیەک عادەت وایە ژن یان مێرد، هەرکامێکیان بمرێت، ئەوەی دیکەیان لەبەر دەرگا دەوەستێت و خەڵک بۆ سەرەخۆشیکردن و هاودەردی ئەملاوئەولای ماچ دەکەن و ئەوسا دەچنە ژوورەوە.

جارێک ژنێکی زۆر ناسک و لەبار پیاوەکەی دەمرێت، خەڵک سەرە دەگرن بۆ سەرەخۆشیکردن و ماچکردن، له ناویاندا کوڕێکی گەنجی قۆز و تامەزرۆ دەبێت. که سەرەی دێت زۆر بە تاسەوە و بۆ ماوەیەکی زۆر ژنە ماچ ئەکات و باوەشی پێدا ئەکات و دەیگووشێت و بەخۆیەوەی دەنووسێنی. خەڵکەکە ئەچن پەلی کوڕەکە ئەگرن تا لە ژنەکەی دوور بخەنەوە، کوڕەکە ئەوەندەی تر خۆی لێ قایم ئەکات. ژنەی خاوەنپرسەش، کە وەزعەکەی بە دڵ دەبێت ئەڵێ:



"ده توخوا وازی لێ بێنن، فەقیرە بۆ پرسەکەی باوکیشم نەهاتبوو

## دز

دزێک ئەچێت بۆ سەرقەبران بۆ دزینی کێلی قەبر. دزەکە خەریکی دەرهێنانی کێلی قەبری منداڵێک ئەبێت، کە پۆلیس دێت بەسەرا. بۆ ئەوەی پۆلیسەکان شکی لێ نەکەن، دزەکە دەست ئەکات بە گریان بەسەر قەبرەکەدا. پۆلیسێک لێی ئەپرسێت:

"ئەمە قەبری کێیە؟"

دزەکەش لە شڵەژاویدا ئەڵێت:

"قەبری باوکمە."

پۆلیسەکە ئەڵێ:

"ئەی بۆ ئەوەندە بچووکە؟"

دزەکەش ئەڵێ:

"ئاخر زۆر بە منداڵی مردووە

## منداڵ و دووکاندار





منداڵێک ئەچێتە دووکانی کۆڵانەکەی خۆیان و بە خاوەن دووکانەکە ئەڵێ:

"مام عەلی بنێشتت هەیە؟"

مام عەلیش ئەڵێ:

"بەڵێ کوڕم هەیە."

منداڵەکەش ئەڵێ:

"ده دوو پیاڵە گوڵەبەڕۆژەم بدەرێ."

مام عەلیش دوو پیاڵە گوڵەبەڕۆژەی ئەداتێ و منداڵەکە ئەڕوات. زۆری پێ ناچێت منداڵەکە ئەگەڕێتەوە و ئەڵێ:

"مام عەلی گەنمەشامیت هەیە؟"

مام عەلیش ئەڵێ:

"بەڵێ کوڕم هەیە."

منداڵەکە ئەڵێ:

"ده دوو بنێشتم بدەرێ."

منداڵەکە بەم شێوەیە ڕۆژی چەند جارێک ئەچێتە لای مام عەلی و پرسیاری شتێکی لێ ئەکات و شتێکی تر ئەکڕێت. مام عەلی تەواو هەراسان ئەبێت بۆیە ئەچێت بۆ ماڵیان هەتا لای باوکی شکاتی لێ بکات. مام عەلی بە باوکی کوڕەکە ئەڵێ:

"ئەو کوڕەت ڕۆژی چەند جارێک دێتە دووکانەکەم و پرسیاری شتێکم لێ ئەکات و شتێکی تر ئەکڕێت. من وا هەست ئەکەم گاڵتەم پێ ئەکات بۆیە هاتووم شکاتی لێ بکەم."

باوکی کوڕەکەش ئەڵێ:

"ئینجا بۆ هاتوویت شکاتی لێ ئەکەیت، ئەی بۆ خۆت دەستت نییە؟"

مام عەلیش ئەڵێ:

"بەڕەوڵڵا دەستم هەیە."

باوکی کوڕەکەش ئەڵێ:

"ئێ ده کەواتە دوو تف بکەرە ناوچەوانی



# وتەی زانایان



## وتەکانی ناوداری کۆمیدی جیهانی چاڕلی چاپلن



* بوونی داییک خۆی لە خۆیدا مانای خۆشی و دڵنیاییە .
* بەخت ڕەشی کە ملی بە پیاوەوە نا، نە بەزەیی دەزانێ نە نەداری .
* ڕێزگرتن خۆشەویستی دەچەسپێنێت .
* ئەو کەسەی کە بەبێ تاوان ئازار دەچێژێت لە کۆتاییدا هەست بە سەربەرزی و جۆرە پاڵەوانیەتییەک دەکات .



* قژ بەلای مناڵەوە شتێکی یەکجار خۆشەویستە .
* ژیان گەلێک کورتە بە رگەی زویربوون ناگرێت .
* دڵان گەلێک لەوە ناسکترن کە بشکێنرێن .
* دوژمن خراپترین درندەیە .
* هونە رمەندی ڕاستەقینە هەمیشە دەبێت بێ فیز و لەسەرخۆ بێت .
* مرۆڤ کاتێک تەمەنی دەڕوات وەک تریفەیەک وایە کە بەرەو سەراب تاودەنێت .



* سەرکەوتن پیاو خۆشەویست دەکات لە دڵی خەڵکیدا .
* لەوانەیە بچوکترین ڕووداو ببێتە ئیلهام لە دانانی سیناریۆیەکی گەورەدا .
* ئەم داستانی ژیانە پریەتی لە ڕووداو .
* لەسەرخۆیی یاسایەکی سەرەکی هەموو هونەرەکانە .
* کە زیرەکی و پرهەستی وەکویەک لە کەسێکدا هەبوو ئەوا نمونەی کەسێکی سەرکەوتووە .
* شەخسیەت شتێکە تۆ ناتوانی تەعبیری بکەیت ، هەمیشە لە ئاکار و کرداردا دەردەکەوێت .
* ئاسانە بۆ پیاو پڕ سۆز بێت .



* بەختەوەری یەکتری دڵخۆشبن نەوەک بە بەدبەختی یەکتری
* میهرەبانی و نەرم و نیانی پێویستە بۆ گشت کەسێک .
* ئادەمیزاد دەمرێ و دەبرێتەوە ، بەڵام ئازادی هەرگیز مردنی بۆ نییە .
* بەختەوەری و بەدبەختی وەکو ڕەهێڵەی باران وایە کە لەپەڵە هەورێکدا دەباریت ، ئەمەش دەستکردی ڕێکەوتە .
* خۆشەویستی تەواو جوانترین وێنەیە لە تۆماری سەرکەوتندا .

**پیاوی گەورەمان نایەتە بەر دڵ،تاکوو ئەو ڕۆژە دەچێتە ژێر گڵ (موفتی پێنجوینی)**



# کرۆنۆلۆگی کوردستان



بەشی پێنجەم

نووسینی نادر فەتحی بۆکانی (شوانە)

**سالّی ٧٤۶ تا ٧٥٠ دوای زایین**

ئەبو موسلم خراسانی بە هاوکاری عەبباسیەکان دمشق دەگرێ! ئەگرچی ئەو دەیتوانی جێگای خیلیفەکان بگرێتەوە, دوای ماوەیەکی کورت دەکشێتەوە! ئەو چ لە باری سیاسی و چ لە باری فکرییەوە جیاوازی لەگەڵ عەرەبەکاندا هەبوو. دوای ئاڵوگۆڕێکی تازە لە ناو سەلالەی عبباسیەکان دەکوژرێ! ئەبو موسلم پایەیەکی بەهێز بوو بۆ بنەمای فکری علی وللایەکانی ئەورۆ!



دەورانی ئەرباب و رعیەتی لە کوردستان دەست پێدەکا. لەوکاتە بەرگریەکان بە سێ بەش دابەش دەکران:

بەشی یەکەم, بەرگری شازادەکان و زەویدارانی گەورەی کورد

بەشی دووهەم, بەرگری دهقانان و وەرزێرانی کورد

بەشی سێەم, بەرگری دژ بە ئیسلام بۆ گرانەوە و گەیشتن بە ئایینەکانی پێشویان!

**Byzantiner** ەکان لە سەدەی ٩ وە تا ١٠ دژبە عەرەبەکان شەردەکەن.

لەو دەورەیەوە ئاغایی عەرەبەکان لەسەر کوردەکان کەم دەبێتەوە.

**سالّی ١٠٠٠ دوای زایین**

دورەی فئودالی بەهێزتر دەبێ و کوردەکان حەول دەدەن خۆیان لەناو عەبباسیەکان جێ کەنەوە. بەهوی کز بوونی عەرەبەکان بەرگریەکان ئاکامی دەبێ و ژومارەیەک وڵاتی خودموختاری کوردی پێک دێ !

لە ٩٥٠ تا ١٠٩٦ سەلالەی **هاسانوید** کە تەواوی باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستانی گرتبوە بەرخۆی, حکومەتیان کردووە و پاشاکەی **بەدر حەسەنوح** بووەو زۆر عادل بووە.

لە ٩٥١ تا ١١۶٤ پاشایی **شەدادیەکان** کە بەشێک لە ئەرمەنستان و ئازەربایجانیشی گرتبوە بەرخۆی و سەر بە سەلجوقەکان بوون،دەستەڵاتی هەبووە.

لە ٩٩٠ تا ١٠٩٦ **مروانیەکان** لە باکووری کوردستان حکومەتێک دادەنێن کە لە **وان** ەوە هەتا **ریها**(**ئورفا**) دەگرێتەوە، پێ تەختەکەی **میافەرقین**(**سیلوان**) دەبێ و گەورەترین حکومەتی ئەوکاتەی کوردستان بووە!

حکومەتی **بانو ئاناز** لە **چیبال** **Cibal** (باشووری کوردستان). حکومەتی **رەوندی** **Rewandi** کە تەواوی ئازەربایجانی ئێرانی گرتبووە و پێ تەختەکەی تەورێز بووە.

لەو دەورەیەدا زۆر بە روونی دیاربوو کە کوردستان لەباری ئابورییە بەرەو هەڵدان دەروا و وەردە وەردە بۆتە ناوەندێکی تیجاری و ئاڵ وگۆڕی شت ومەک. ئابوری پوولی، پەرە دەستێنێ و جگەلەوە لە "چەک" یش {ئەو کاغەزەی کە لە جیاتی پارەی نەغد وەرگیراوە} کەڵکیان وەرگرتووە.

ئەوهەمو پێشکەوتنانەش نەبۆتە هۆی پێکهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ, لە بەر ئەوە لە سەدەی ١١ دا کوردستان دەبێتە میدانی رمبازێنی عوسمانیەکان و مەغوولەکان!

**هێرشی تورکەکان و مەغوولەکان بۆ رۆژهەڵاتی نزیک**

**سەدەی ١٠ی پاش زایین**

بۆ هەوەڵین جار تورکەکان لە ئاسیای ناوەراستەوە بەرەو رۆژهەڵاتی نزیک دێن. ئایینی ئیسلام دەبێتە ئایینی رەسمی ئەوان و زۆر زوو **Schamanismus** شامانیسمووس وەلاوەدەنێن!



نەتەوەی تورک لە پێشدا وەکو سەرباز لە ئێران بۆ عەرەبەکان ئیشیان کردووە کە دوای کزبوونی عەبباسیەکان وەردە وەردە خۆدەگرن و نفوزێکی باش پیدادەکەن!

**ناوەراستی سەدەی ١١**

سەلجوقیەکان لە جێگای پێشووی خۆیانەوە واتە **Transoxanien** وە (لە نەوادەی **Oghusen** لە تورکستانەوە) بەسەر فارسەکان و **مێزۆپۆتامیا** دا دەگوێزنەوە بۆ ئاناتۆلی.

**سالّی ١٠٥٥ دوای زایین**

**(Bujiden)** لەشکرکەشی سەلجوقەکان بۆ بەغدا و رزگارکردنی خەلیفەکان لە دەست شیعەکان.

سەلجوقەکان حکومەت بەدەستەوە دەگرن و لەلایەن خەلیفەکان وە پشتیوانی دەکردرێن!

**سالّی ١٠٧١ دوای زایین**

سەلجوقەکان ەکان لە شەڕی مالازگرت لە باکووری کوردستان, **Byzantiner** ەکان تێکدەشکێنن کە ئاڵپ ئەرسەلان سەرکردەکەیان بووە(١٠۶٩-١٠٧٣) و لەو شەڕەدا کوردەکان لاینگری سەلجوقەکانیان کردووە!

**لە سالّی ١٠٧٥ دوای زایین**

ملک شا(١٠٧٣-١٠٩٢) حکومەتی سەلجوقەکان پێک دێنێ. ئەوە دەبێتە گەورەترین هێزی ناوچە کە مێزۆپۆتامیا و کوردستان و ئاناتۆلیای ناوەراست و ئێران و بەشێکیش لە سوریە دەگرێتە ژێر فرمانرواییی خۆی! ئەو هێرشە ناتوانێ لەسەر پێی خۆی راوەستێ و بە هۆی پێکهاتنی ئەیوبییەکان (١١٦٩)وەردە وەردە کز دەبێ ! نێوەراست و ئاخری سەدەی ١٢ دوای بڵاوبوونەوەی سەلجوقەکان, ژمارەیەک حکومەتی بچووک پێک دێن !

سەدەی ١١ی زایین

بابا تاهیر یەکێک لە گرنگترین شاعیرانی سەردەمی خۆی, لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەژی و بەداخەوە بەهوی ئەو هەمووهێرش و سۆتان و برینانە زۆربەی کارەهونەرییەکانی لەناودەچێ!

ساڵی ١١٧٦ دوای زایین

**Byzantiner** ەکان لە لایەن سەلجوقەکانەوە تێکدەشکێندرێن و تەواوی ئاناتۆلی دەکەوێتەژێرفەرمانی سەلجوقەکانەوە. لێرەوە بەهۆی گوڵ کردنی ئیسلام بناغەی تورکی کردنی مەنتەقەی ئاناتۆلیا دادەنرێ!

ساڵی ١١٨٧, ١١٦٩-١٢٥٠ دوای زایین

سەلاح الدینی ئەیوبی لە سەڵاڵەی ئەیوبییەکان(١١٦٩-١٢٥٠) بەدوای چەند شەرێکی مەزندا رۆژی ٢ ئوکتوبری ١١٨٧ ئورشەلیم دەگرێتەوە. حکومەتی ئەیوبییەکان لە میسر ە وە هەتا باشووری کوردستانی گرتۆتە ژێر فەرمانی خۆی. لەکاروباری نیزامی و دەوڵەتیدا کوردەکان وێرای عەرەبەکان ئیشیان بەدەست بووە !

لە ساڵی ١٢٤٠ دوای زایین

مەغوولەکان خۆ بە رۆژهەڵاتی ناوەراستدادەدەن و بەشێکی گەورەی کوردستان دەگرن و سوتان و کوشتن و وەحشیگەرییەکی زۆر لەخۆ بەجێ دەهێڵن! زیاتر لە ١٠٠٠٠٠ کورد دەکوژرێن! شارەکانی وەکو بەغدا, کرماشان, هەمەدان و ئامێد(١٢٥٠) تاڵان دەکرێن و دەسوتێندرێن! زۆربەی ئاسەواری مێژوویی بۆ هەمیشە نابوود دەکردرێ ! جگەلەوە سروشتی کوردستانییش دوای هێرشی مەغوولەکان دار و جەنگەڵی دەسوتێندرێ و ئیشک دەکرێ! ناوچە کوردنشینەکان لەلایەن مەغوولەکانەوە بەرێوەدەچێ.

ناوەراستی سەدەی ١٢ هەتا سەدەی ١٣

زۆربەی شار و شارۆچکەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست دەخرێتە ژێر فەرمانرواییی مەغوولەکان. لە ژێر فشاری مەغوولەکان بۆ بەشی رۆژئاوا, تورکەکان بەتەواوی خۆیان دەکێشنە نێو ئاناتۆلییەوە و لە زۆربەی ئەو ناوچانە کە زۆربەی خەڵک پێک دەهێنن, دوو دەستەی گەورە بە نێوەکانی **Akkoyunlar, Karakoyunlar** مەرِی رەش و مەرِی سپی پێک دێن کە تا سەدەی ١٦ ژمارەیەکی زۆر لە شارەکانی کوردستان و رێگەی هاوریشمیش لە ژێر کونترۆڵی ئەواندا دەمێنێتەوە!



ساڵی ١٢٥٠ دوای زایین

لە میسر حکومەتی مەملوکەکان پێک دێ کە تا ساڵی ١٥١٧ دەمێننەوە.

ساڵی ١٣٠٠ دوای زایین

دوای پاشەکشەی مەغوولەکان لە باکووری رۆژئاوای ئاناتۆلیاوا لە بورزا حکومەتی عوسمانی لە لایەن کەسێک بە نێوی عوسمان کە پێشتر لە خەزمەت سەلجوقەکاندا بووە, پێکدێ ! کە دوای ماوەیەکی کەم زۆربەی حکومەتە چکولە تورکیەکان دەچنە ژێر حکومەتی عوسمانەکانەوە. لە ماوەی کەمتر لە دەساڵدا رۆژئاوا و ناوەراستی ئاناتۆلی دەکەونە ژێر دەستی عوسمانەکانەوە.

سەدەی ١٣ /١٤

(**Ilchane**) سەڵاڵەی مەغوولەکان لە ئێران حکومەت دەکەن.

ساڵی ١٣٧٥ دوای زایین

شیعر و کارە هونەریەکانی شاعیری کورد فەقی تێران لە کوردستان سەرنجی خەڵکی بۆلای خۆی رادەکێشێ!

ساڵی ١٣٨٩ دوای زایین

عوسمانەکان لەشەرِ لەگەڵ سیربەکان سەرکەوتوو دەبن و بەو جۆرە رێ خۆیان بۆ ئورۆپا دەکەنەوە.

ساڵی ١٤٠٠ دوای زایین

حوکمرانی مەغوول تەیموور لە ناوەراستی ئاسیاوە زۆربەی ناوچەکان دەگرێتە ژێر حکومەتی خۆی و تەنانەت حکومەتی عوسمانیش تێک دەچێ! کوشتار و سووتان و برینی تەیموریش دەستکەمێکی نابێ لە هێرشەکانی سەدەی١٣ !

ساڵی ١٤٢٠ دوای زایین

بەدوای مردنی تەیموور, عوسمانەکان دەست بە خۆکۆکردنەوە دەکەنەوە و لە ماوەیەکی کەمدا دەگەرێنەوە بۆسەر دەستەڵاتی پێشوویان! تەواوی ئاناتۆلی و یونان و بەشێکی زۆری بالکان لە ساڵەکانی ١٥٠٠ دا دەکەوێتە ژێر حکومەتی عوسمانەکان.

**Konstantinopel** پێتەختی **Byzanz** لە ساڵی ١٤٥٣ لەلایەن تورکەکانەوە دەگیرترێ و ئەو ناوانە لە مێژوودا دەسرِێنەوە.

ساڵی ١٤٠٧-١٤٨١ دوای زایین

یەکێک لە ناودارانی ئەدەبیاتی کوردی مەلای جەزیری لە بۆتان دێتە سەر ماسەی مێژوو. شیعرەکانی حالەتی سوفی و عورفانی دەبێ و دژاییەتێکی زۆر لەگەڵ سیستمی ئەرباب و رعییەتی دەکا!

ساڵی ١٤٥٣ دوای زایین

عوسمانەکان بە فەرمانی فاتح سوڵتان محەمەد **Konstantinopel** داگیردەکەن کە لە دواییدا نێوی ئێستامبولی ئەورۆی لێ دەنێن.

دریژەی هەیە...

# هەرکورد بۆین و هەر کورد ئەبێن

شێعر: برایم ئەحمەد

داگیرکەری دڵ پڕلە قین
درندەی بێ ویژدان و دین
ناتوانی واکەی کورد نەبێن
هەر کورد بۆین وهەر کورد ئەبێن

لەپێش ئاگر پەرستی دا
لەپێش موسڵمانێ تێدا
لە دیلی و لە سەربەستی دا
هەر کورد بۆین و هەر کورد ئەبێن

نە عەرەبم نە ئێرانیم
نە تورکێکی شاخستانیم
نەک من هەر خۆم مێژووش ئەڵێ
کە کوردم و کوردستانیم

نەنەنگی یەوە نە پیاوەتی
جیاوازی نەتەوایەتی
بریارە و مێژوو داویەتی
کە کورد بین و هەر کورد ئەبێن

گەلان هەموو برای منن
هەر زۆردارانم دوژمنن
داوای وڵاتی کەس ناکەم
پەنجە بۆ مافی کەس نابەم

بۆ مافی گەل و خاکەکەم
هەتاماوەم خەبات ئەکەم
داگیرکەری دڵ پڕلە قین
درەندەی بێ ویژدان و دین

لە قەندیل و ئاگری و شیرن
یەکسانی کەی لە گەڵ ڕوی زەمین
ناتوانی واکەی کورد نەبێن
هەر کورد بۆین و هەر کورد ئەبێن

KURDISTAN

ڕەحمان نەقشی

گۆڤاری یەکبوون، گۆڤارێکی گشتی سەربەخۆیە، بۆخزمەت بە بواری ڕاگەیاندن و وشەی کوردی کار دەکا بۆ دەوڵەمەند و بە پیز کردنی ڕەخنە، پیشنیار و بابەتی بۆ ڕەوانە بکەن.

ئادرەسی پێوەندی:
g.yekbun@hotmail.com

ئامادە کردن و پێشکەش کردنی : ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe